# کوردی وەک زمانێکی بێدەوڵەت لە دەوڵەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا[1]

نووسەر: حەیدەر خزری
زانستگەی فلۆریدای ناوەندی
و: دانا کۆنەپۆشی

## پوختە

ئەم وتـــارە باس لە پێگـــەی زمانی کوردی وەک زمانێکـــی بێدەوڵەت لەنـــاو دەوڵەتە یەکگرتووەکانی ئەمریـــکادا دەکات. وتارەکە، بە کەڵکوەرگرتن لـــە [چەمکی] یەکتربڕین (intersectionality) وەک چوارچێوەی تیۆریـــک، دەپەرژێتە ســـەر ئـــەوەی لەناو ئەو وڵاتانـــەی کوردیان تێـــدا هەڵکەوتووە و لـــە دەرەوەیشـــدا، چـــۆن پێکهاتـــە پەروەردەیییەکانی پێگەیشـــتنی دەسەڵات، کۆمەڵـــە هەلومەرجێک دروســـت دەکەن کە لەژێر کاریگەرییانـــدا، زمانی بێدەوڵەتی کـــوردی هەمـــوو کات بەجۆرێـــک وەک مەترســـییەکی نەبینراو بـــەڵام بەردەوامی فرەچەشـــن بوونی هەیە. وتارەکە پێشـــان دەدات چـــۆن زمانی کوردی لـــە دەوڵەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایشـــدا، هاوچەشنی ئەوانەی ڕۆژهەڵاتی ناویـــن، تەنیا لەگەڵیدا هەڵکـــراوە و لەو دەرفەتانـــەی وەک مافی تایبـــەت بۆ زمانـــە خـــاوەن دەوڵەتەکانی وەک عەرەبـــی، فارســـی و تورکـــی دابین کـــراون و لەڕێـــگای بەشـــی زانســـتیی خوێندنەوەکانـــی ڕۆژهەڵاتـــی ناویـــن و ڕۆژهەڵاتـــی نزیکەوە و هەروەهـــا لەڕێگای خوێندنەوەکانی ئێرانـــی، عەرەبی و تورکیدا پەرەیان پـــێ دەدرێت، خـــۆی بە بێبەش دەبینێـــت. وتارەکە لـــەوە دەکۆڵێتەوە کە چوارچێـــوە هەنووکەیییەکانی دامەزراوەگەلی وەک ئەنجومەنـــی ئەمریکاییـــی بـــۆ فێر کردنـــی زمانـــە بیانییـــەکان(ACTFL) و ئەنجومەنـــی نەتەوەییـــی زمانـــە کەمتر فێرکـــراوەکان (NCOLCTL)، کـــە لە بنەڕەتـــدا بـــۆ نوێنەرایەتیکردنـــی زمانە بیانـــی، قەیراناوی و کەمتـــر فێرکراوەکان لـــە دەوڵەتـــە یەکگرتووەکانـــدا دامەزران، چەنـــدە کەمـــن بـــۆ هاوســـەنگکردنی یەکتربڕینـــی زمانێکـــی بێدەوڵـــەت و تـــەوەرە فرەچەشـــنەکانی پەراوێزخـــران، بێدەوڵەتبـــوون، ســـەرکوت، هـــەڵاواردن و زمانکوژیـــی زبـــر و نـــەرم. ئـــەم پێگە یەکتربڕەی زمانی کوردی، هەڵســـەنگاندنی چەمکـــی بەربڵاوتری زمانـــە بێدەوڵەتەکان ڕوون دەکاتەوە و پێویســـتە لەناو دامەزراوە فیدراڵـــەکان و خوێندنی باڵادا ســـەرلەنوێ چوارچێـــوی سیاســـەتە هەنووکەیییەکانی پەیوەندیـــدار بـــە زمانـــە بێدەوڵەتەکان دابڕێژرێنـــەوە و بۆ جارێکی تـــر بیریان لێ بکرێتەوە. لـــە کۆتاییـــدا، وتارەکە هەروەها ســـنووری باسوخواســـەکانی پەیوەندیدار بە یەکتربڕیـــن لە زانســـتە کۆمەڵایەتییەکاندا دیـــاری دەکات کـــە وەک ئامرازێکـــی شـــیکارانە بـــۆ بیرکردنەوە لـــە جووڵە و سیســـتەمە پێکەوەتەنراوەکانی دەســـەڵات بەکەڵـــک دێـــت و لێـــرەدا و بـــۆ یەکەم جار لە بابەتـــی زمانێکدا بـــەکار دەبرێت.


*وشـــە ســـەرەکییەکان: زمانـــە بێدەوڵەتەکان، زمانـــە کەمتر فێرکـــراوەکان، زمانـــە دووچار کەمینـــەکان، یەکتربڕیـــن، زمانـــی کوردی لـــە دەوڵەتـــە یەکگرتووەکانـــدا، سیاســـەتی زمانی، مافـــە زمانییە ئەرێنـــی و نەرێنییەکان.*

## پێشەکی

**١** یەکتربڕیـــن و زمانـــە بێدەوڵەتـــەکان ئەنجومەنـــی زمانە کەمتـــر فێرکراوەکان لە بەســـتێنی پـــەروەردەی زمانـــی بیانی لـــە دەوڵەتـــە یەکگرتووەکاندا، بـــۆ زمانە پەراوێزخـــراوەکان دیاری کـــراوە کە زمانی ئینگلیســـی و چوار زمانی زۆرتر فێرکراوی فەرەنســـی، ئاڵمانـــی، ئیتالی و ســـپانی ناگرێتەوە(Johnson,١٩٩٨). بەپێچەوانەی زمانـــە زۆرتر فێرکـــراوەکان، لـــە دەوڵەتە یەکگرتووەکاندا زمانـــە کەمترفێرکراوەکان بەشـــێوەیەکی بـــەردەوام لـــە هەمـــوو ئاســـتەکانی پەروەردەدا فێرناکرێن. دۆخی زمانـــە کەمتر فێرکـــراوەکان لـــە دەوڵەتە یەکگرتووەکانـــدا، دەتوانێـــت لەگەڵ دۆخی

کەمینەکان لە کۆمەڵگای ئەمریکیدا هەڵسەنگێنرێت. لەگەڵ ئەوەیشدا، زمانگەلێک هەن کە دووجار یان زیاتر دەستەبەندیی کەمینەیی دەکرێن. زمانە بێدەوڵەتەکان ڕوونترین وێنەی ئەمجۆرە دەستەبەندییەیە. دۆخی زمانە بێدەوڵەتەکان لە دەوڵەتە یەکگرتووەکاندا، دەکرێت لەگەڵ دۆخی تاکە دووجار یان زۆرتر لە دووجار کەمینەکانی کۆمەڵگای ئەمریکیدا هەڵسەنگێنرێت. زمانە کەمتر فێرکراوەکانیش، هاوشێوەی زمانە بێدەوڵەتەکان بەردەوام لە هەموو ئاستەکانی پەروەردە لە دەوڵەتە یەکگرتووەکاندا فێر ناکرێن. ئەگەرچی بەپێچەوانەی زمانە کەمتر فێرکراوە خاوەن دەوڵەتەکان کە بەستراونەتەوە بە دەوڵەت یان وڵاتێکی دیاریکراوەوە، زمانە بێدەوڵەتەکان هیچ چەشنە بڕەودان و پشتگیرییەکی دامەزراوە فەرمی و نیوەفەرمییەکانی نەک دەوڵەتە یەکگرتووەکان، بەڵکوو وڵاتانی خۆیشیانیان نییە. ئەمانە و تەوەرەکانی تری پەراوێزخران، زمانە بێدەوڵەتەکانیان خستووەتە دۆخێکی تایبەتی یەکتربڕەوە، کە هاوچەشنە لەگەڵ ئەو پێگە تایبەتەی ژنانی ڕەش کە لە بەستێنی دەوڵەتە یەکگرتووەکاندا، لەناو چوارچێوەی یەکتربڕیندا باسی لێ دەکرێت. یەکتربڕین[2] لە کۆتاییەکانی ١٩٨٠ کاندا و وەک چوارچێوەیەکی شیکارانە دەرکەوت کە لە هەر دوو قانوونی مافی مەدەنی و لەناو بزووتنەوەی مافی مەدەنیدا توانی سەرنج بخاتە سەر پێگەی تایبەتی ژنانی ڕەش و ژنانی ڕەنگی تر. "چەمکی یەکتربڕین، کە لە ١٩٨٩دا لەلایەن کیمبێرلێ گرینشاو بەکار برا، بوو بە چوارچێوەی شیکاریی سەرەکی کە لەڕێگایەوە لێکۆڵەرە فێمینیستەکانی بوارە جیاجیاکان، باس لە شوناسە پێکهاتەییەکانی تۆرەمە، چینەکان، جێندەر و سێکس دەکەن" (Cooper, ٢٠١٥). لەسەر بنەمای کاری ئەو لێکۆڵەرانە، کووپەر(٢٠١٥) چەمکی یەکتربڕینی "بۆ باسکردن لە سیستەمە پێکەوەتەنراوەکانی دەسەڵات و سەرکوت بەکار برد، کە باسی لەوە دەکرد یەکتربڕین پەیوەندیی بە شوناسی تاکەکەسییەوە نییە بەڵکوو پەیوەستە بە دەسەڵاتەوە". ئەو تەنانەت باسوخواسەکانی پەیوەندیدار بە یەکتربڕین لە ناو زانستە کۆمەڵایەتییەکانی وەک شێوازناسیی (methodology) توێژینەوە دیاری کرد. یەکتربڕین وەک "تیۆرییەکی گەڕۆک" و ئامرازێک بۆ بەرەنگاربوونەوەی "سەرکوتی فرەچەشن" و "تەوەرە فرەچەشنەکانی شوناس و تاقمە پەراوێزخراوەکان"، لە بوار و جوگرافیای جیاوازدا بەکار براوە، بۆ ئەوەی پێشان بدات کە ئەم چەمکە جیا لە بەکارهێنانی لە وێنەی ژنانی ڕەشدا، نەک تەنیا وەک تیۆری بەڵکوو وەک کردەوەیش کەڵکێکی بەربڵاوتری لێ وەردەگیرێت(Smith, ١٩٩٨). لەم وتارەدا، من لە چوارچێوەی یەکتربڕین کەڵک وەردەگرم بۆ ئەوەی باشتر لەو کۆسپە فرەچەشن و فرەتوێژە تێبگەین کە لە فێربوون و فێرکردنی زمانی بێدەوڵەتی کوردیدا بەرەورووی دەبینەوە. ئەم ڕێبازە بە دیاریکراوی یارمەتیمان دەدات، نەک تەنیا بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ زمانە زۆرتر فێرکراوەکان، بەڵکوو تەنانەت بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ زمانە کەمتر فێرکراوە مافپێدراوەکانی خاوەن دەوڵەت بەگشتی و ئەوانەی ناوچە وەک: عەرەبی، فارسی و تورکی، لە پێگەی زمانی بێدەوڵەتی کوردی تێبگەین. هەروەها، ئامرازێکی بەکەڵکە بۆ پێشاندانی

ئاکاری پێکهاتە پەروەردەییەکانی دەسەڵات کە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ کاریگەرییان لەسەر زمانە بێدەوڵەتەکان لە ماڵەوە و لە دەرەوەدا دەبێت. وتارەکە لە سەرەتادا وێنەیەکی خێرا لە پێگەی هەنووکەیی زمانی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی ناویندا دەخاتە بەردەست. دواتر باس لە مێژوو و ئەو پاڵنەرانە دەکات کە بوون بە هۆی ئەوەی زمانی کوردی لە دەوڵەتە یەکگرتووەکاندا قسەی پێ بکرێت. وتارەکە ڕووناکی دەخاتە سەر ئەوەی چۆن هەڵاواردنە حکوومی، دامەزراوەیی و وانەییەکان و ئاستەنگەکانی ئەو وڵاتانەی کوردیان تێدا هەڵکەوتووە، کاریان کردووەتە سەر پێگەی زمانی کوردی لە دەوڵەتە یەکگرتووەکاندا. ئەوەی چۆن پرسی زمانی کوردی لە دەوڵەتە یەکگرتووەکاندا مانای بەربڵاوتری زمانە بێدەوڵەتەکان ڕوون دەکاتەوە و لەکۆتاییدا دەگاتە بواری بەربڵاوتری خوێندنەوەکانی دیاسپۆرای ڕۆژهەڵاتی ناوین؟ لە کۆتاییدا وتارەکە مەبەستیەتی تێبگات کە بەشەکانی وەک خوێندنەوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوین، فەرهەنگ و زمانەکانی ڕۆژهەڵاتی نزیک، بەشی ئۆراسیای ناوەندی و خوێندنەوەکانی ئێرانی، عەرەبی و تورکی و هتد .. و هەروەها ئەنجومەن و ناوەندەکانی وەک ACTFL و NCOL-CTL لەناو ڕێکخراوە هاوچەشنەکانی تریاندا، دەتوانن تا چ ئاستێک یارمەتیدەر بن بۆ بردنەسەر و هێشتنەوەی پێگەی زمانی کوردی و زمانە بێدەوڵەتەکانی تر لە دەوڵەتە یەکگرتووەکاندا. ئایا چوارچێوەی "تاک-تەوەر"ی NCOLCTL (کە بۆ وێنە هەموو زمانەکانی دنیا، جیا لە ئینگلیسی، سپانی، فەرەنسی، ئەڵمانی و ئیتاڵی لەژێر چەترێک بەناوی زمانە کەمتر فێرکراوەکاندا کۆ دەکاتەوە) دەتوانێت ئەزموونی "یەکتربرین"ی زمانە بێدەوڵەتەکانی وەک کوردی، ئویغوور، بەربەر/ئامازیق، بەلووچی و ئەوانەی تر باس بکات؟ وتارەکە لە شێوازناسیی جۆراوجۆر و لە وتووێژی تاکەکەسی و پەیوەندیی ئیمەیلییەوە تا شرۆڤەی دەق کەڵکی وەرگرتووە.

## ۲ نەتەوەی کورد، زمان و ڕێنووس

کوردی زمانی کوردەکانە. کە زۆرتر وا باسیان دەکەن کە گەورەترین نەتەوەی بێدەوڵەتی دنیان[3](Van Bruinessen,1992). بۆ چەندین سەدە زۆربەی کوردەکان لە نیشتمانی نەریتیی خۆیاندا ژیاون کە پێی دەوترێت کوردستان و لە ناو چوار وڵاتدا هەڵکەوتووە: ئێران، عێراق، تورکیە و سووریە. کورد لە دەیەکانی کۆتاییدا، لە عێراقدا و دواتریش لە سووریەدا توانیویانە هەرێمی خۆبەڕێوەبەری خۆیان دابمەزرێنن. نزیکەی ۳۵-۳۰ ملیۆن کورد لە هەموو دنیادا هەن. نزیکەی یەک ملیۆن کوردیش لە قەفقاز(بەتایبەتی لە ئەرمەنستان و ئازربایجان) و ڕۆژئاوادا (بەتایبەتی لە لوبنان و ئیسراییل) دەژین(Sheyholislami & Sharifi, ۲۰۱۶, p.۷۷). ژمارەی کوردان لە کۆمەڵگا دیاسپۆراکانی ڕۆژئاوادا زیاتر لە یەک ملیۆن کەس خەمڵێنراوە(Hassanpour & Mojab, ۲۰۰۵). فەرانسە، وڵاتانی سکاندیناوی، بەتایبەتی سوید و ئاڵمان لە ئورووپادا، ئوستراڵیا، کانادا و دەوڵەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ئەو وڵاتانەن کە میوانداریی کوردیان کردووە.

### زمانی کوردی

زمانی کوردی بەشێک لە زمانە هیندۆ-ئورووپاییەکانە کە لە پێنج زاراوەی سەرەکی پێک دێت. کوردیی باکوور(لەمەبەدوا

کرمانجی)، کوردیی ناوەندی( لەمەبەدوا سۆرانی)، کوردیی باشوور( کرماشانی، کەلهوری، لەکی و ئەوانی تر)، هەورامی/ گۆرانی و زازاکی(Haig & Ergin, ۲۰۱۴). کرمانجی و سۆرانی بەهۆکاری زۆرترین ژمارەی ئاخێوەرەکانیانەوە و هەروەها بەهۆی ئەوەی بەشی زۆری وێژەی کوردیی بەردەست بە ئەم دوو زاراوەیە نووسراون، بوون بە پێوەر بەو مانایە کە چەندین فەرهەنگی یەک-زمانە و چەند-زمانە، راگەیاندنی جۆراوجۆر، کتێبی رێزمان و شێوازیان هەیە و لەو شوێنانەیش کە رێگەپێدراون زمانی خوێندنگە و زانستگان(Sheyholeslami &Shari-fi. ۲۰۱۶, P.۷۸). گەورەترین یارمەتی بۆ ئەم رەوتە کاتێک بوو کە لە ساڵی ۱۹۹۲ دا کورد دەستیان کرد بە خۆبەرێوەبەریی هەرێمەکەیان لە باکووری عێراقدا. کۆمەڵەکانی دیاسپۆرای رۆژئاوا، بەتایبەتی لە وڵاتانی سکاندیناویدا، رۆڵێکی گەورەیان بوو لە بەپێوەرکردن و نۆژەنکردنەوەی کرمانجیدا(Kreyenbroek, ۲۰۰۵). ئەمرۆ هەردوو زاراوەی کرمانجی و سۆرانی سەقامگیرن و پەرە دەسێنن، لە بەرانبەردا زاراوەکانی تر لە کەمی دەدەن و هەورامی و زازاکی بەرەو پێگەی زمانە لە مەترسییەکاندا خزیون.

## ئەلفوبێی کوردی و رێنووس

جیا لە ئاخافتنی جۆراوجۆر، کورد بۆ کوردی نووسین کەڵک لە ئەلفوبێ و رێنووسی جیاوازیش وەردەگرن. دەسەڵاتی دەوڵەتە جۆراوجۆرەکان لە بەستێنی کۆمەڵایەتی- فەرهەنگیی جیاجیادا ئەم پرسەی ئاڵۆزتر کردووە. کورد لانیکەم لە چوار رێنووسی جیاواز کەڵکیان وەرگرتووە. کورد لە ئێران و عێراقدا رێنووسێکی دەستکاریکراوی فارسی-عەرەبی بۆ نووسین بە هەموو زاراوە کوردییەکان بەکار دەبەن. بەدرێژاییی مێژوویش، ئەدەبی کوردی لە سووریە و تورکیەدا هەر ئەم رێنووسەیان بەکار بردووە؛ بەهەرجۆر بێت لە دەیەکانی سەرەتای سەدەی بیستدا، لەژێر کاریگەریی چاکسازی لە زمانی تورکیدا کە رێنووسی نوێی تورکی لەسەر بنەمای لاتینی بوو خستە جێگای رێنووسە عوسمانییە عەرەبی- فارسییەکەی پێشوو، کوردی ئەم دوو بەشەیش رێنووسێکی کوردیی لاتینیان هەڵبژارد. نووسینە رێزمانییەکانی رۆژهەڵاتناسە سەرەتاییەکانیش کاریگەریی لەسەر ئەم پێڤاژۆیە هەبوو(Rhea, ۱۸۷۲/۱۸۸۰, pp. ۱۱۸-۱۵۵). ئەوانەی لەو کاتدا لە یەکیەتیی سۆڤیەت دەژیان و کوردەکانی قەفقاز(بۆ وێنە ئەرمەنستان)، کە لە نووسینەکانیاندا رێنووسی ئەرمەنی و سیریلیکیان بەکارهێنا، دواتر لە رێنووسی کوردی لەسەربنەمای لاتین کەڵکیان وەرگرت. لە ئێستادا گەورەترین جیاوازی لە نووسینی کوردیدا لەنێوان ئەو دوو شێوەیەدایە کە لەلایەک ( بەهەردوو زاراوەی کرمانجی و سۆرانی) لە ئێران و عێراقدا کوردیی پێ دەنووسرێت، کە لەسەر بنەمای ئەلفوبێی دەستکاریکراوی عەرەبی- فارسییە و لەلایەکی ترەوە شێوەیەکە کە لە سووریە و تورکیە و ئەرمەنستاندا کوردیی پێ دەنووسرێت و لەسەر بنەمای لاتینە. جیاوازی لە سیستەمی نووسیندا، هاوکات لەگەڵ جیاوازی لە هێندێک تایبەتمەندیی دیاریکراو لە نووسین و سیستەمی دەنگدا، ئاریشە بۆ فێرکاریی زمانی کوردی لە ناوخۆ و بەتایبەت لەناو ئەو کۆمەڵە دیاسپۆراییانەدا دروست دەکات کە کوردی هەموو بەشەکانی تێدا کۆبوونەتەوە (Sheyholeslami, Shar-

ifi, ۲۰۱۶, p ۷۹). دانانـــی پۆلی فێرکاریی کوردی بــۆ یــەک زاراوە یــان هەردوو زاراوەکە ئاریشـــەکانیان جیاوازن. لە وێنەی یەکەمـــدا کێشـــەکانی یەکزاراوەخـــوازی، بەپێوەرکـــردن و بـــە فەرمیکردنـــی زاراوە کوردییـــەکان لەنـــاو پرســـی کـــورددا دەردەکـــەون(Chyet, ۲۰۱۸). وێنـــەی دووهەم پێویســـتیی بە ســـەرچاوەی زیادە، ئامرازەکانـــی فێـــرکاری و وانەبێـــژ هەیە.

## ۳ پێگـــەی زمانـــی کـــوردی لـــە ڕۆژهەڵاتـــی ناوینـــدا

لە تورکیەدا، لەســـەرەتادا بەکارهێنانی زمانی کوردی بـــە هەموو جۆرێـــک ڕێگەپێنەدراو بوو. لـــە تورکیـــەدا لەئاکامـــی چەندین دەیە زمانکوژیی زبـــر و نەرمدا[۴]، کوردەکان ناتوانـــن بـــە زمانـــی خۆیان بنووســـن و بخوێننـــەوە، ئەوانەیـــش کـــە دەتوانن لە دەرەوەی خوێندنگە فێری نووســـین بوون، کە زۆربەی کات مەترســـی لەسەریشـــیان هەبـــووە(Hassanpour, Skutnabb-Kangas & Chyet, ۱۹۹۶). دوای هەفتا ســـاڵ لە قەدەغەبـــوون، زمانەکە لە شـــوێنە گشـــتییەکاندا لە کۆتایی سەدەی بیســـتدا کەمێـــک لەگەڵیدا هەڵکـــرا. لە ۱۹۹۲ دا، قەدەغەبوونـــی زمانـــی کوردی لە شـــوێنە گشـــتییەکاندا خاوتر بوویەوە. لە ساڵی ۲۰۰۹دا، زانســـتگای ئارتووکلووی ماردیـــن، خولـــی زمانی کـــوردی و زمانە کەمینەکانـــی تری لە ئاســـتی زانســـتگادا ڕاگەیانـــد. لـــە ســـاڵی ۲۰۱۲دا، وانەکانی زمانی کوردی وەک زمانێکـــی هەڵبژێردراو و بـــەو مەرجـــەی کە پشـــتگیریی ماڵی و ژمـــارەی پێویســـتی فێرخوازی بـــۆ دابین ببێـــت، لـــە خوێندنگاکانـــدا ڕێگایان پێ درا. لە ســـاڵانی دواییـــدا، هێندێک پۆلی تایبەتـــی زمانی کوردی پێشـــنیار دەکرێن. هێندێک لە زانســـتگاکان چەند یەکەیەکی

خوێندنـــی زمـــان و وێـــژەی کـــوردی و هێندێـــک خوێندنگـــەی دواناوەندییـــش لـــە ناوچـــە کوردییەکاندا خولـــی زمانی کـــوردی وەک زمانـــی هەڵبژێـــردراو دەخەنـــە بەردەســـت. بلاڤۆکـــی کوردی، وەک ئاڤێســـتا لە ئیســـتانبوڵ ســـەریان هەڵـــداوە و وێســـتگەیەکی تەلەفزیۆنیـــی دەوڵەتیـــی ۷ کاتژمێرەیـــش بەناوی تی ئار تی کـــوردی هەیە. ئەگەرچی، سیاســـەتی توندکردنەوەی تورکیە لـــەدوای کوودەتاوە، زمانـــی کوردیـــی کردووەتـــە ئامانـــج و خوێندنـــگا تایبەتە کوردییـــەکان داخران. تـــا ئەمڕۆیش، زمانی کوردی لـــە تورکیەدا وەک زمانێکـــی دووجار کەمینـــە ماوەتەوە کـــە هیـــچ پێگەیەکـــی فەرمـــی، مافی پەروەردەیی، یان هیچ چەشـــنە برەوپێدان و پشـــتگیرییەکی دەوڵەتیـــی نییە (Zey-danlioglu,۲۰۱۲; Arslan, ۲۰۱۵). لـــە ئێرانـــدا و لەمـــاوەی ژیانـــی کورتی کۆمـــاری خۆبەڕێوەبەری کوردســـتاندا (لە ژانویە تا دێســـامبری۱۹۴۶) کوردی زمانی فەرمیـــی کۆمارەکە بوو و زمـــان و وێژەی کوردی بە باشـــی مامەڵـــەی لەگەڵ کرا و بەراســـتی ئازادیی زمانیـــی هەبوو و برەوی پێ درا. لـــە ڕووخانی کۆمارەوە تا ســـاڵی شۆڕشـــی ئیســـلامیی ۱۹۷۹ [لە ئێراندا]، دەربڕینـــی شوناســـی کوردی بـــە توندی بەری پـــێ دەگیـــرا(Sheyholislami, ۲۰۱۹). لـــە شۆڕشـــی ئیســـلامیی ۱۹۷۹ەوە زمانـــی کـــوردی دەکەوێتـــە دۆخێکەوە کـــە شێخولئیســـلامی(۲۰۱۲) بـــە "لەگەڵداهەڵکردنـــی بەرتەســـک و دەستبەســـەرداگیراو" نـــاوی دەبـــات. لە ۱۴ی جـــوولای ۲۰۲۰ دا، مامۆســـتایەکی زمانـــی کوردی لەلایەن دادگەی شۆڕشـــی ئیســـلامییەوە بە تاوانـــی فێرکردنی زمانی دایکـــی دە ســـاڵ زیندانـــی بەســـەردا ســـەپێندرا(Khezri, ۲۰۲۰). تا ئەمڕۆیش،

زمانی کوردی پێگەیەکی فەرمیی نییە و هیچ بڕەوپێدان و پشتگیرییەکی دەوڵەتییشی نییە. تەنانەت قانوونی بنگەهیی کۆماری ئیسلامیی ئێران، زمانەکانی جیا لە فارسی لە ئێراندا، بە چەمکە کۆلۆنیالیستییەکانی وەک " زمانی ناوچەیی و هۆزی" ناو دەبات(هەمان). بەڕای زۆربەی لێکۆڵەرانی ئەم بوارە وەک جیم کوومینز، تاڤ سکووتناب کانگاس و شێخولئیسلامی، زمانی کوردی لە ئێراندا لە مەترسیدایە، لەبەر ئەوەی بەتایبەتی لە سەرەتاکانی پەروەردەدا ئامرازی فێرکردن نییە(see: Kalan ٢٠١۶, Sheyholislami ٢٠١٢). ئەمڕۆکە، زمانی کوردی هێشتا لەژێر مەترسیی تواندنەوە و سیاسەتی نەرمی زمانکوژی لەناو سیستەمی پەروەردەی ئێراندایە (see: Soleim-ani & Mohammadpour, ٢٠١٩).

تا دەیە کۆتاییەکانی سەدەی بیستەم، کورد لە عێراقدا تەنیا دە ساڵ ئازادیی زمانی و مافە ئەرێنییە زمانییەکانیان ئەزموون کرد، ئەوی تر هەمووی بڕگەبڕگە بووە. ئەمە دوو ساڵ تەمەنی پاشایەتیی کوردستان بە پێشڕەویی شێخ مەحموود بەرزنجی(١٩۵۶-١٨٨٧)، کە لە ١٩٢٢ ەوە تا ١٩٢۴ ی خایاند و قۆناغی دامەزراندنی کۆماری عێراق بە تایبەتی لە ١٩٧٠ تا ١٩٧٧ لەخۆ دەگرێت(Sallih, ٢٠١٩, p.۴٠). جیاواز لە پرسی بە فەرمی ناسین، عێراقی ژێردەسەڵاتی بەعس سیاسەتێکی درێژخایەنی بەعەرەبکردن و پاکتاوی ئێتنیکیی کوردی گرتە بەر. سیاسەتی نەرمی زمانکوژی لەکۆتاییدا بە زنجیرە هەڵمەتی ئەنفال لە کۆتاییەکانی دەیەی ١٩٨٠ دا وەک کۆمەڵکوژیی جەستەیی تەقییەوە(Hassanpou, ١٩٩٢pp ١١٩-١٢۵, Salih, ٢٠١٩).

هەرجۆرێک بێت، لە ساڵی ١٩٩٢دا، دانانی ناوچەیەکی تەناهیی کەم یان زۆر خۆبەڕێوەبەر لە کوردستانی سەر بە عێراقدا، سەرەتا هەلێکی زۆر باش بوو بۆ چالاکییە وێژەیییەکان، کە بەچڕی سەرنجی خستبووە سەر پرسە زمانەوانی، سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان. هەر لەو ساڵەدا، کوردی لە کوردستانی سەر بە عێراقدا بوو بە زمانی فەرمی. لە ساڵی ٢٠٠۵دا، زمانی کوردی لە قانوونی بنگەهیی عێراقدا بە ڕوونی وەک یەکێک لە زمانە فەرمییەکان دانی پێدا نرا. ئەگەرچی لە کوردستانی هەڵکەوتوو لە باکووری عێراقدا زمانی کوردی بە باشی برەوی پێ دەدرێت و پشتگیری دەکرێت، بەڵام دانپێدانان بە زمانی کوردیدا، لە قانوونی بنگەهیی ٢٠٠۵، لە ئاستی فیدراڵدا زۆرتر هێماییە تا ئەوەی کردەیی بێت(Sheyholismali, ٢٠١٩, p.١٠۶).

بەکارهێنانی زمانی کوردی بە هەموو چەشنێک لە سەرەتای دامەزرانی کۆماری عەرەبیی سووریە لە ١٩۴۶وە قەدەغە بوو و تەنانەت دوای دامەزرانی حیزبی بەعس لە ساڵی ١٩۶٣ دا زۆرتریش قەدەغە کرا. پەروەردە بە زمانی دایک هیچکات لە هیچ حکوومەتێکی سووریەدا دانی پێدا نەنرا(Hassanpour, Skutnabb-Kangas & Chyet, ١٩٩۶). زمانی کوردی لە دەوڵەتی ئەسەددا بەرەورووی هەردوو جۆری زمانکوژیی نەرم و زبر دەبێتەوە. بەدوای بەهاری عەرەبیدا، کورد دەستیان بەسەر زۆربەی ناوچە کوردییەکاندا گرت، کە ئێستا زمانی کوردی لەناویاندا ئامرازی پەروەردە، پەیوەندیگرتن و ڕاگەیاندنە. لە ٢٠١۶دا، زانستگای ڕۆژئاوا لە قامیشلی دامەزرا. زانستگاکە بەرنامەی خوێندن بۆ پەروەردەی خوێندنگەی

سەرەتایی و زمان و وێژەی کوردی دەخاتە بەردەست. لەئێستادا، کوردی لە هەموو خوێندنگەکانی ناوچە کوردییەکاندا فێر دەکرێت. ژمارەی مامۆستاکانی زمانی کوردی لە جزیرە ١٣٢٥ کەس، لە عەفرین ٩٣٠ کەس و لە کۆبانی ٤٠٠ کەس دەخەملێندرێت[5]. لەگەڵ ئەوەیشدا بۆ بەکوردیکردنی سیستەمی پەروەردە، گرفتی نەبوونی سەرچاوەی ماڵی، کتێبی دەق و ئامرازی فێرکاری، مامۆستا و بەرنامەی ڕاهێنانی مامۆستا و دۆخی بەردەوامی شەڕە ناوخۆیی و دەرەکییەکان و ناڕوونیی داهاتوو هەیە. ئەوەی لێرەدا لەسەر پێگەی زمانی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی ناویندا دەتوانین باسی بکەین ئەوەیە کە زمانی کوردی هەرکاتێک کە دەوڵەت بڕەوی پێ داوە و پشتی گرتووە دۆخی باشتر بووە. لە عێراق و لە ساڵی ١٩٩٢دا، دامەزرانی ناوچەیەکی سەربەخۆ لە کوردستانی سەر بە عێراقدا، ڕووخانی ڕێژیمی سەدام حسێن لە ٢٠٠٣دا و یەکخستنی پارێزگاکان لەژێر ناوی حکوومەتی هەرێمی کوردستاندا، هەلێکی زۆر گەورە بوو بۆ چالاکییەکان لە بواری زمان و فەرهەنگی کوردیدا. لە ئێراندا، زمانی کوردی بەهۆی پشتگیریی کۆماری تەمەنکورتی کوردستان لە١٩٤٦دا گەشایەوە. دوای ڕووخانی کۆمارەکە، پێگەی زمانی کوردی کز بوو. لەم دواییەنەدا و لە ٢٠١٢ وە، دامەزرانی ڕۆژئاوا بوو بە هەلێکی باش بۆ چالاکی لە بواری زمانی کوردی لە سووریەدا. پێقاژۆیەکی هاوچەشن لە کۆمەڵە کوردییەکانی دیاسپۆرا لە ئورووپا و دەوڵەتە یەکگرتووەکانیشدا بەرچاو دەکەوێت. کۆمەڵە کوردییەکانی دیاسپۆرا لە کۆمەڵەکانی سکاندیناویدا، ڕۆڵێکی سەرەکییان لە بەپێوەرکردن و نۆژەنکردنەوەی کرمانجیدا هەبوو. کۆمەڵە کوردییەکە کەڵکی لە پشتگیریی بەرچاوی وڵاتانی ئورووپی، بەتایبەت وڵاتی سوید وەرگرت. بەگشتی، وڵاتانی ئورووپی و ئەمریکای باکوور هەڵسوکەوتی جیاوازیان بووە لەگەڵ زمانی کوردیدا.

## ٤ زمانی کوردی لە دیاسپۆرادا

وەک ئاکامی مێژوویەکی کەڵەکەبوو لە زمانکوژی، هەلاواردن و جۆرەکانی تری ڕەتکردنەوە و تواندنەوەی سیستەماتیکی حکوومەتە ناوەندییەکانی ناوچەکە، کورد پەنای بۆ زۆرێک لە وڵاتانی دنیا بردووە، بەو هیوایەی بتوانێت بەبێ ترس لە بەدواداچوون، بەندکران و تەنانەت کوشتن، فەرهەنگی خۆی بەڕێوە ببات و بە زمانی دایکیی خۆی بدوێت(Arpacik, ٢٠١٩, p.٤٤). کۆمەڵە دیاسپۆراییەکانی ئورووپا، کە لە دەیەی ١٩٥٠ دا و لە فەرانسەوە دەستی پێ کرد و وڵاتانی تری ئورووپای ( بەتایبەت لە سکاندیناوی) بەدوادا هات، زۆرترین پێشوازییان لە زمانی کوردی کردووە. لەناو هەموو زاراوەکانی زمانی کوردیدا، کرمانجی زۆرترین پشتگری بووە. وڵاتە ئورووپییەکان هەڵسوکەوتی جیاوازیان لەگەڵ زمانی کوردیدا کردووە. کەمینەیەک لە خوێندکارانی تا پۆلی ١٢ لە هێندێک لەم وڵاتانەدا مافی ئەوەیان بووە کە یەک یان چەند کاتژمێرێک بە زمانی خۆماڵیی خۆیان بخرێنە بەر خوێندن. بەهەرجۆر بێت، لە هێندێک لەم وڵاتانەدا بوودجەکە دەبڕدرێن و پاشقەڕۆییی دژ بە فرەفەرهەنگی کۆتایی بەم بەرنامەگەلە هێناوە و هەڕەشە لەو بەرنامانەیش دەکات کە ماونەتەوە. هەروەها، چەندین وڵاتی ئورووپایی خواستی بەهێزی خۆیان بۆ ڕاگرتنی

دڵـــی دەوڵەتەکانـــی ڕۆژهەڵاتـــی ناوین پێشـــان داوە کە تێچووەکـــەی کەوتووەتە ســـەر کوردی دیاســـپۆرا. هەر بەوجۆرەی کە کوردانـــی ڕۆژهەڵاتی ناویـــن، لەناو ئەو وڵاتانەی کـــە تێیدا هەڵکەوتـــوون، وەک خەڵکی وڵاتی ســـەرچاوەیان ئاماژەیان پێ دەکرێت(-Hassanpou, Skutnabb Kangas & Chyet, ١٩٩٦). هەرچەند زۆرینـــەی کوردانـــی ئورووپا لـــە ئاڵمان دەژین، پێگـــەی زمانی کـــوردی لەوێش بەرچـــاو نییـــە و تەنیا چەنـــد خولێکی بەکۆمەڵی زمانی کـــوردی لە -Freie uni versitat لـــە بێرلین هەیە. لـــە کانادادا، پەروەردە لەژێـــر چاودێریـــی حکوومەتی پارێزگاکاندایـــە و یارمەتییـــەکان زۆربەی کات تەرخان دەکرێن بـــۆ ڕاهێنانی "زمانی میرات" و کـــۆن بۆماوەی چەنـــد کاتژمێر لـــە هەفتـــەدا. پۆلـــی زمانی کـــوردی بۆ خوێنـــدکاری تـــا قۆناغـــی ١٢، بەجیا بۆ کۆتایی هەفتـــەکان تەرخان کراوە. زۆرێک لەم بەرنامانە مەترســـی برینی یارمەتییان لەســـەر هەیە یان لانیکەم پێویســـتیان بە ناونووســـینە. بـــۆ وێنە، کۆمەڵـــی کوردی کە بە وڵاتێکـــی بەریندا بـــڵاو بوونەتەوە، ناتوانن لانیکەم ٢٥ خوێندکاری پێویســـتی داواکـــراو بۆ پارێـــزگای ئۆنتاریـــۆ دابین بکـــەن بـــۆ ئـــەوەی داوا لـــە حکوومەت بکرێـــت حەفتانە ٥/٢ کاتژمێـــر فێرکاریی زمانەکەیانیـــان بـــۆ دابین بـــکات(Ibid).

پێگـــەی زمانی کوردی لە ســـویددا ئاوارتەیـــە. پۆلـــی زمانـــی کـــوردی بۆ خوێنـــدکاری تـــا پۆلی ١٢ بەشـــێک لە بەرنامـــەی وانەی خوێندنگایـــە کە جیاوازە لـــەوەی تەنیا زمانێکـــی بەکۆمەڵ بێت یان تەنیـــا لە کۆتایی هەفتـــەدا بێت. بۆیە ئەم پۆلانـــە لەچاوی خوێندکارەکانـــدا ڕەوایی و دانپێدانانی زۆرتری هەیە، چونکا بەشـــێک لە بەرنامـــەی خوێندنگایە و لـــە هەر ئەو ژینگەیەی خوێندنگادا و وەک بابەتەکانی تر فێر دەکرێت. دەبێ ئەوەیـــش زیاد بکەین، کە زمانـــی دایکیی منداڵانـــی خوێندنگە کوردییـــەکان، لـــەم خوێندنگایانـــەدا دەنووســـرێتەوە و بەمەرجێـــک بیانەوێت لەبەرانبەر ئەوەی بەزۆر شوناســـی عەرەبی، ئێرانی و تورکییان بدەنـــێ، دەتوانن خۆیان بە کـــورد بناســـێنن(Ibid). پێگەی زمانی کوردی لە ســـوید لە قۆناغی دواناوەندیشدا هەر ئاوارتەیە. بۆوێنە، زانســـتگای ئۆپسالا، نەک هـــەر خولی زمان و وێـــژەی کوردیی دانـــاوە، بەڵکـــوو کوردییـــی وەک مژاری چەندیـــن خولی تریش دیـــاری کردووە و چەنـــد پۆلێکیش هەن کە بەشـــێکیان بە زمانی کـــوردی وانە دەوترێـــت. هەروەها بەرنامـــەی خوێندنـــەوە کوردییەکانیش لە ڕاهێنانـــی لێکۆڵەری تایبەتـــکار لە بواری زمـــان و فەرهەنگـــی کوردیـــدا یارمەتی دەدات. چەندین نووســـینگەی حکوومەتی یارمەتیـــی بڵاوکردنەوەی نزیـــک بە دوازدە کتێبیان کردووە. زۆرێـــک لە کتێبخانەکان کۆکراوەی کتێـــب و چـــەن گۆڤارێک بە زمانـــی کوردییان هەیـــە. تەنانەت خاوەن ژمارەیەکـــی بەرچاو لـــە چیرۆکی منداڵانن کـــە وەرگێڕدراونەتە ســـەر زمانی کوردی. ناوەنـــدی پەرەســـەندنی نێونەتەوەییـــی ســـویدی یارمەتیـــی بڵاوکردنـــەوەی ئەم چیرۆکـــی منداڵانـــەی داوە بۆ ئـــەوەی لە کوردســـتانی ســـەر بە عێراقدا بەکار ببرێن. بڕێـــک یارمەتیش دابین کرا بـــۆ دووبلەی ڤیدیـــۆی کارتۆنی منـــداڵان(Ibid). بە ئەم یارمەتییـــە کەمەی حکوومەتی ســـویدەوە، ئـــەو وڵاتـــە وەک ناوەندێکـــی چالاکـــی فێرکـــردن و فێربوونـــی زمانـــی کوردی، بڵاوکراوەی کـــوردی و چالاکیی فەرهەنگی دەرکەوتـــووە. ئەمجـــۆرە لە پشـــتگیری سنوورە بەربەســـتەکانی برەوپێدانی کوردیی کرمانجیی لە تورکیە و ســـووریەی لاداوە و

بووە بەهۆی بەپێوەربوون و نۆژەنبوونەوەی ئەو زمانە(Kreyenbroek, ۲۰۰۵). پێگەی زمانی کوردی لە سویددا، پێشان دەدات کە زمانێک تەنانەت لە دیاسپۆرادا کاتێک کە مافە ئەرێنییە زمانییەکان، برەوپێدان و پشتگیری لە وڵاتی پێشواز وەردەگرێت، دەتوانێت بەباشی پەرە بسێنێت. لەلایەکی ترەوە، پێگەی زمانی کوردی لە زۆرێک لە وڵاتانی تری رۆژئاوادا پێشان دەدات، کە تەنیا هەڵکردنی(Tolerance) بەبێ برەودان و پشتگیری، بۆ پەرەسەندن و مانەوەی پێگەی زمانێکی بێدەوڵەت بەس نییە.

## ۵ کورد و زمانی کوردی لە دەوڵەتە یەکگرتووەکاندا

### کورد لە دەوڵەتە یەکگرتووەکاندا

لە دوا چارەکی سەدەی بیستەمەوە، دەوڵەتە یەکگرتووەکان پێنج شەپۆلی کۆچی کوردانی بەخۆیە دیوە. یەکەم شەپۆل لە ۱۹۷۶-۱۹۷۷ دا و بەدوای هەرەسی شۆڕشی کورد لە عێراقدا گەیشت، کاتێک کە شای ئێران و دەوڵەتە یەکگرتووەکان دەستیان لە پشتیوانیی شۆڕشگێرە کوردەکان هەڵگرت و هیچ پشتیوانێکی تریان نەبوو. لەئاکامدا، بە هەزاران خەڵکی کورد بۆ ڕاکردن لە کارەسات، بە لێشاو هەڵهاتن و هێندێکیان لە دەوڵەتە یەکگرتووەکاندا گیرسانە. زۆرینەی نزیک بە تەواوی ئەم کوردانەی ناو عێراق لە تێنێسی، تێگزاس، کالیفۆرنیا، واشنگتن دی سی و داکۆتا جێگیر بوون(karimi, ۲۰۱۰). دووهەم شەپۆلی کۆچکردن لە ۱۹۷۹ دا و لە کاتێکدا بوو کە شۆڕشی ئێران ڕووی دا. زۆرینەی کوردانی ناو ئێران بەرەورووی ڕێژیمی تیۆکراتیکی کۆماری ئیسلامی لە ئێراندا بوونەوە. لە ۲۰ی ئاگۆستی ۱۹۷۹دا، ئایەتوڵڵا خومەینی فەتوای سەرکوتێکی هۆڤانەی خەڵکی کوردی ناو ئێرانی دەرکرد. هاوکات شەپۆلی کوشتوبڕ و بۆمبارانی شارەکانی کوردستان دەستی پێ کرد[۶]. لە ئاکامدا، زۆرێک لە کوردەکانی ناو ئێران ئاوارە بوون و هێندێکیان لە دەوڵەتە یەکگرتووەکاندا گیرسانەوە. نزیکەی تەواوی ئەم کۆچبەرانە لە لۆس ئانجلێس و کالیفۆرنیا جێگیر بوون. سێهەمین و گەورەترین شەپۆل بەجێماوانی هەڵمەتی کۆمەڵکوژیی ناسراو بە ئەنفال بوون کە سەدام حسێن بۆ بنبڕکردنی کورد لە باکووری عێراقدا دەستی پێ کرد. ئەم هەڵمەتە لە ساڵی ۱۹۸۸دا و بە بۆمبارانی کیمیاییی شاری کوردیی هەڵەبجە گەیشتە لووتکە. بەگوێرەی چاوەدێری مافی مرۆڤ(۱۹۹۳)، ۵۰۰۰۰ تا ۱۰۰۰۰۰ کورد لەم هەڵمەتەدا کوژران. هێندێک لە کاربەدەستانی کورد بانگەشەی ئەوە دەکەن کە ئەم ژمارەیە تا ۱۸۲۰۰۰ کەس دەگات[۸]. هەزاران کورد لە پێناو دۆزینەوەی پەناگەیەکدا سنووریان بڕی. لەنێوان ساڵەکانی۱۹۹۲-۱۹۹۱ دا نزیکەی ۹۰۰۰ کەس لە دەوڵەتە یەکگرتووەکاندا جێگیر بوون. شەپۆلی چوارەم لەنێوان ساڵەکانی۹۸-۱۹۹۶ دا ڕووی دا، زۆرینەی ئەم شەپۆلەو وەرگێرانە بوون کە لەگەڵ سوپای دەوڵەتە یەکگرتووەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناویندا کاریان دەکرد و دواتر بەهۆی پەیوەندییان لەگەڵ سوپای دەوڵەتە یەکگرتووەکان و پشتگیریی ئاژانسەکانی وڵاتانی تری ڕۆژئاواوە، ژیانیان لەلایەن سەدام حسەینەوە کەوتبووە مەترسییە. نزیک بە ۶۰۰۰ کورد لەسنووری تورکیەدا و بە ڕێگای ئاسمانی ڕاگوێزران بۆ گوام بۆ ئەوەی پێداچوونەوە بە پەنابەرییەکەیان بکرێتەوە و دوای چەند مانگێک گەیشتنە

ولاتی سەرەکی(Talmadge, ١٩٩٧; Pedigo, ٢٠٠٩). ئەم تاقمە بە زۆری لە تێنیسی و ڤیرجینیا جێگیر بوون. پێنجەمین و دوایین شەپۆلی کۆچ بۆ دەوڵەتە یەکگرتووەکان، بەدوای کۆمەڵکوژیی دەوڵەتی ئیسلامی(داعش) بەدژی کوردانی کرمانج-ئاخێوی ئێزیدی رووی دا. نزیکەی ٣٠٠٠ کەس لەوان لە نێبراسکا جێگیر بوون.

## پێگەی زمانی کوردی لە دەوڵەتە یەکگرتووەکاندا

میسیۆنێرە مەسیحییەکان یەکەم تاقمی ناو ئەمریکییەکان بوون کە سەرنجیان بۆلای زمانی کوردی راکێشرا و ئەم زمانەیان خوێندەوە بۆ ئەوەی لەگەڵ مەسیحییە خۆجێییە کوردەکانی هەرێمەکەدا پەیوەندی دروست بکەن، ئینجیل وەرگێرنەوە و بیگەیەننە دەستی کوردەکان. لە ١٨٥٦دا، بەشێک لە ئینجیل وەرگێردرایە سەر کرمانجی(Bagster, ١٨٤٨, p.٦٩). لەو کاتەوە، خوێندنەوەکانی ئینجیل بە کوردی بەردەوام بووە و لەلایەن میسیۆنێرە ئەمریکییەکانی وەک "ساموێل ریبا" و "ئێل فۆسەم"ەوە رێوشوێنی بۆ دیاری کراوە، چونکە ئەمانە هەڵوەدای ئەوە بوون کە پەرە بە کتێب و وشەنامەی کوردی بدەن. لە ١٨٦٩دا، ریبا، میسیۆنێری A.B.C.F.M لە کوردستاندا، "رێزمان و وشەنامەی کورتی زمانی کوردی"ی (a brief grammar and vocabulary of the Kurdish language) خستە بەردەستی کۆمەڵگای ئەمریکیی رۆژهەڵات. لە ١٩١٩دا، فۆسەم "رێزمانی کردەیی زمانی کوردی"ی (a practical Kurdish grammar) نووسی، کە کۆمەڵێک رێنوێنیی گشتگیری رێزمانیی، وێنەی شیعر و چیرۆکی کورت، تاقیکردنەوەی وەرگێرانێکی ئینجیل بۆ سەر زمانی کوردی و وشەنامەیەکی لەخۆ دەگرت. لە ١٩٥٨دا، ئێرنێست مەک کارۆس "رێزمانی کوردی"ی (A Kurdish grammar) بڵاو کردەوە. لە ١٩٦٧دا، زانستگای میشیگان پێنج بەرگی لە وتار، رۆژنامە، رێزمان، چیرۆکی کورت، فەرهەنگێکی کوردیی عەبدوڵڵا و مەک کارۆس بڵاو کردەوە. هەر لە ١٩٦٧دا، مارگارێت کان، تێزی دۆکتۆراکەی لەسەر زمانناسیی کوردی لە زانستگای میشیگاندا نووسی(Kahn, ١٩٧٦; Gunter, ٢٠١٨). لە دەستپێکی سەدەی بیست و یەکەمەوە ، هێندێک چالاکی لەسەر زمانی کوردی و بەزۆری لە بواری بڵاوکردنەوەدا بووە(see: Thackston undated; Chyet ٢٠٠٢; Ekici ٢٠٠٩; Khezri ٢٠٢٢).

ئەم چالاکییانە لە بواری بڵاوکردنەوەدا بەدوایاندا کۆمەڵێک دەستپێشخەری لەبواری فێرکردنی زمانی کوردی لە دەوڵەتە یەکگرتووەکاندا هاتووە، بەگشتی لە بواری ئاخافتندا، دوو جۆر پۆلی زمانی کوردی لە دەوڵەتە یەکگرتووەکاندا هەیە: ئەو پۆلانەی لە ناو کۆمەڵەکاندا و وەک کاری خێرخوازانە (بێدەسکەوتی مادی) دانراون و ئەو پۆلانەی لەلایەن دابینکارییە فیدراڵەکان و دامەزراوەکانی خوێندنی باڵاوە پێشنیار و پشتگیری کراون. وێنەیەکی تاقمی یەکەم خولێکی کۆمەڵ- تەوەر لە "سان دیێگۆ"دایە کە لە سەرەتاکانی ٢٠٠٠ەکاندا بۆ ماوەی دوو ساڵ بەردەوام بوو(Sheyholislami & Sharifi, ٢٠١۶, p.٨٨). ئەم پۆلانە لە شەوان یان کۆتاییی هەفتەکاندا لەبەردەستدان، بە زۆری وەک پۆلی کوردیی بێ-کرێدیتن و یارمەتی لە

حکوومەتی فیدراڵ و دامەزراوەکانی خوێندنی باڵا وەرناگرن. هەر لە پەیوەندی لەگەڵ ئەم جۆرە پۆلانەدا، دەبێت بوترێت کە چ لە ماوەی ساڵی خوێندندا و چ وەک وۆرکشۆپی هاوینەی زمان، زمانی کوردی لە هێندێک لە دامەزراوەکان و زانستگاکان لە دەوڵەتە یەکگرتووەکاندا فێر کراوە. بەگوێرەی ناوەندی توێژینەوەی پێشکەوتوو لەسەر فێربوونی زمان[۹](CARLA)، لە دەوڵەتە یەکگرتووەکاندا سێ بەرنامەی زمانی کوردی بۆ قۆناغی دوا ناوەندی هەبووە: زانستگای کالیفۆرنیا، لۆس ئانجلێس(UCLA)، دامەزراوەی زمانی بەرگری(DLI)، لە مۆنتێری سی ئەی و زانکۆی دەوڵەتی کۆمەڵی لە نەشڤیل. لە ۲۰۰۶دا، زانستگای هیندیی بلوومینگتۆن(IUB)، بوو بە یەکەمین زانستگا لە باکووری ئەمریکادا کە پۆلی زمانی کرمانجی دەخاتە بەردەست. لە ۲۰۲۱دا، زانستگای فلۆریدای ناوەندی دوایین زانستگا بووە کە خولی زمانی کوردیی سۆرانی دەخاتە بەردەست. بەگشتی، ئەمانە و بەرنامە هاوشێوەکانی تر، زۆرتر بەهۆی دابیننەکردن و ناونووسینی کەمەوە ئێستا لەبەردەستدا نین. هاوکات لەگەڵ ئەوەی دیاسپۆرای کوردی بۆ پێگەیەک بۆ زمانەکەی خۆی لەناو ئەو کۆمەڵگایەدا دەگەڕێت کە لەپێشدا سیستەمی پەروەردەی خۆی هەبووە، ئاریشە و ئاستەنگی نوێیش ئەزموون دەکەن، کە تایبەتە بە زمانی بێدەوڵەت، کە ئەمە سەرەڕای ئەو ئاریشە تایبەتانە بووە کە لە وڵاتی خۆیاندا بۆ چەندین سەدە ئەزموونیان کردووە. دەقێکی پێشڕەو کە ڕێگای خۆش کرد بۆ ئەوەی یەکتربڕین بە چەمک بکرێت و بناسرێت، خۆژیاننامەی ماری چێرچ تێریل بوو لەژێر ناوی "ژنێکی ڕەنگین پێست لە جیهانێکی سپیدا" (a colored woman in a white world) لە ساڵی ۱۹۴۸دا. یەکەم هێڵەکانی ئاوایە "ئەمە چیرۆکی ژنێکی ڕەنگین پێستە لە جیهانێکی سپی پێستدا. ڕەنگە ئەمە وەک چیرۆکی نووسراوی ژنێکی سپی پێست نەبێت. ژنێکی سپی تەنیا یەک گرفتی هەیە کە بەسەریدا زاڵ ببێت- گرفتی ڕەگەز. من دوانم هەیە، هەم ڕەگەز و هەم تۆرەمە. من سەر بەو تاقە تاقمەم لەم وڵاتەدا، کە دوو ئاستەنگی وەها گەورەی لە ڕێدان کە بەسەریاندا زاڵ ببێت. پیاوە ڕەنگین پێستەکان تەنیا یەکیان هەیە- ئەوەی تۆرەمە"(Terrell, ۲۰۰۵, p.۲۹). تێریل بە لەبەرچاوگرتنی مافە تایبەتەکانی پیاوی سپی، خۆی لەگەڵ هەردوو ژنی سپی و پیاوی ڕەشدا هەڵدەسەنگێنێت. ئەو باس لەوە دەکات کە "دوو ئاستەنگی وەها گەورە" دۆخی "جووت-نوقسانی"ی (double-handicap) تۆرەمە و ڕەگەز دروست دەکات(p.۲۹). لە ۱۹۷۰ دا، فرانسیس بیال بە پەرەپێدانی چەمکی "جووت-نوقسانی"ی تێریل، باسەکەی بەرەو ئەوە دەبات کە ژنی ڕەش لە جۆرێک لە دۆخی "جووت-مەترسی"دا (double jeopardy) چەقیوە کە لە یەک کاتدا ژنە و ڕەشە. ئەو "ژنی ڕەش لە ئەمریکادا... وەک کۆیلەی کۆیلە" دەنوێنێت(Beale, ۱۹۹۵, p..۱۴۸). لە کۆتاییەکانی دەیەی ۱۹۸۰دا، دێبۆرا کینگ بە چەمکی جووت مەترسیی بیال و مەترسیی سیانەی "بێڤێرلی لیندسەی"دا دەچێتەوە، کە ڕوونتر پێ لەسەر چینە کۆمەڵایەتییەکان دادەگرێت. کینگ باسی ئەوە دەکات کە ئەم چوارچێوەگەلە دەکەونە داوی "ڕێبازێکی ڕوو لە گەشە" (additive

approach) کە "ئەو راستییە لەبەر چاو ناگرێت کە تۆرەمەخوازی(راسیزم)، رەگەزخوازی(سێکسیزم) و چینخوازی( کلاسیسیزم) سێ سیستەمی راگرتنی سەربەخۆ دادەمەزرێنن"، هێندێک شت هەن زۆرتر لە چەمکگەلی وەک "چەند مەترسی"دا (Multiple jeopardy) باشتر رەنگ دەدەنەوە. ئەو دەڵێت "چەند مەترسی"، "تەنیا هەڵناگەرێتەوە بۆ چەندین سەرکوتی هاوکات، بەڵکوو پەیوەندیی یەک بە یەکیشیان لەگەڵ یەکتردا دەردەخات"(١٩٨٧, p.٤٧). هاوچەشنی ئەزموونی ژنانی رەش، وێنەی زمانی کوردیش رەنگە وەک وێنەی زمانە کەمتر فێرکراوەکان نەبێت کە خاوەن مافی تایبەتی خاوەن دەوڵەتبوونن. چەندین نوقسان و توێژ لە بێمافی بوونیان هەیە کە لە بابەتی زمانی بێدەوڵەتی کوردی لە دەوڵەتە یەکگرتووەکاندا کەڵەکە دەبن. بەزۆری، پرسی کورد لە سەرەتادا بە چاویلکەی سیاسی، مێژوویی و لەم دواییانەشدا خوێندنەوە جێندەرییەکانەوە لێی نزیک بوونەتەوە. ئەم بەناوەندبوونی سیاسەت و مێژووە، زمان و وێژەی خستووەتە پەراوێزەوە. هەموو کەس دەتوانێت سەدان سەرچاوەی ئاکادێمی لەسەر سیاسەت و مێژووی کورد بدۆزێتەوە بەڵام لە دۆزینەوەی ئەو ژمارە کەمەی سەرچاوەگەلی پەیوەندیدار بە زمان و وێژەی کوردیدا تووشی کێشە دەبێت.[10] تەنانەت ئامرازە سنووردارەکانی فێرکردنی زمانی کوردی، کێماسیی جۆراوجۆریان هەیە. یەکێک لە مامۆستا بەئەزموونەکانی زمانی کوردی کە لە دە ساڵی دواییدا لە دامەزراوە جیاجیاکانی دەوڵەتە یەکگرتووەکاندا وانەی وتووەتەوە دەڵێت:" لە کاتێکدا کتێبە رێزمانە ماوەبەسەرچووەکان ئامانجی سەرەکیی ئەو زمانناسانەیە کە هۆگری زمانناسیی هەڵسەنگاندن و شیکاریی رێزمانی و زمانناسانەی زمانی کوردی و ئێتنۆگرافین، کتێبە دەقە نوێکانیش بەدەست گرفتی جیاجیاوە دەناڵێنن، کە بەرچاوترینیان بریتین لە بوار و پێکەوەگرێدراویی مژارە رێزمانییەکان و هەروەها باوبوونی مژارە فەرهەنگییەکان و وشە پەیوەندیدارەکانی" (Ekici, ٢٠١٨). بێدەوڵەتبوون، زمانی کوردیی لە دەوڵەتە یەکگرتووەکاندا تووشی گرفتگەلێک کردووە کە لە وڵاتی خۆیشیاندا بەرەورووی دەبوونەوە؛ وەک جیاوازیی نێوان زاراوەکان و ئاستی دیاریکراوی بەپێوەربوون و نۆژەنکردنەوە، رێنووسێک کە بەکاری دەبەن و لەبەردەستبوونی فێرکاریی زمان و ئامراز و تێکنۆلۆژیی فێرکاریی شیاو، کە ئەمانە لەگەڵ زۆرێک بابەتی تردا ئەو ئاستەنگانە بوون کە لە وڵاتی خۆیان و لە دیاسپۆرایش بەرەورووی فێرکاریی زمانی کوردی بوونەتەوە. پەرەسەندنی تێکنۆلۆژی لەلایەکەوە بەسەر ئەم ئاستەنگانەدا زاڵ بووە و لەلایەکی ترەوە ئاستەنگی نوێی دروست کردووە. خوێندکارێکی زمانی ئینگلیسی چۆن دەبێت کاتێک کە بۆ پەیوەندیگرتن و نووسین بە زمانی ئینگلیسی کەڵک لە تەختەکلیلی فەرانسی وەربگرێت؟ هەتا ئەمرۆژە و بەهۆی کەمبوونی تێکنۆلۆژیی شیاوەوە، زۆربەی خوێندکارانی زمانی کوردی، پێویستیان بە تەختەکلیلی عەرەبی و فارسی و تورکی هەیە. دەبێت ئەوەیش زیاد بکەین کە، تایبەتمەندیی زەقی کۆمەڵی کوردی لە دەوڵەتە یەکگرتووەکاندا، کاریگەریی لەسەر پێگەی فێرکردنی زمانی کوردی هەبووە. کۆمەڵی کوردی لە دەوڵەتە یەکگرتووەکاندا نەک هەر لەباری دانیشتووانەوە بچووکە، بەڵکوو هۆکارە

پاڵنەرەکانی بوونیشیان لەناو ئەو وڵاتەدا، دووره لە بەدواداچوونی خەونی ئەمریکی. ئەم پەنابەرە کوردانە بەزۆری بەجێماوی توندوتیژی، سڕینەوەی ئێتنیکی، هەڵمەتە کۆمەڵکوژی و شیمیاییەکانی حکوومەتە ناوەندییەکانی هەرێمەکەن. لەناو دەوڵەتە یەکگرتووەکاندا، یەکەمین و گرینگترین سەرقاڵییان بەر لە دەستڕاگەیشتن بە بابەتە پەروەردەییەکان، هەمووی دەگەڕێنەوە سەر شوێنی مانەوە، کارکردن و باری ماڵی. لە ئاکامدا فێرکردنی/ فێربوونی زمانی کوردی وەک بابەتێکی پلە دووە دەمێنێتەوە(pitkänen, Kalekin-Fishman, & Verma, 2002; Bostwick, 2014). پێگەی زمانی کوردی لە دیاسپۆرای دەوڵەتە یەکگرتووەکاندا، کاریگەریی لەم پێگە کۆمەڵایەتی-ئابوورییەی کورد لە ماڵی خۆیدا وەرگرتووە. پەنابەرە کوردەکان لە پێگەیەکی پەراوێزخران، بێمافی، بێبەشبوونی پەروەردەیی و ئابوورییەوە هاتوون، هەر بەو جۆرەی لەناوخۆدا لەلایەن حکوومەتە ناوەندییەکانی وڵاتانی سەرچاوەی خۆیانەوە بەکۆلۆنی کرابوون. تەنانەت هێندێک لە کوردەکان خۆیان بە کورد ناناسێنن. لەنێوان هۆکارگەلی زۆردا، یەکێکیان کە زۆر روونە پێگەی کۆمەڵایەتی-ئابووریی تاقمە زاڵەکانە(Sheyholislami & Sharifi, ٢٠١۶). بۆوێنە، ئەم پێگە کۆمەڵایەتی-ئابوورییەی کورد بەپێچەوانەی ئەندامە مافپێدراوەکانی تری تاقمەکە، ئەوان بێبەش دەکات کە بتوانن بەشێوەیەکی بەرچاو یارمەتیی دامەزراندنی بەرنامەی بەردەوام و تەرخانکردنی کورسی بۆ زمان و وێژەی کوردی بدەن. بەپێچەوانەوە، کەسانی وەک بیتا دەریاباری، ئیلاهە ئومیدیار میرجەلالی و هەروا زۆرێکی تر لە ئەندامانی خاوەندەوڵەتی تاقمەکە، یارمەتیی بەرچاویان داوە بە دامەزراندن و تەرخانکردنی کورسی بۆ زمان و وێژەی فارسی، عەرەبی و تورکی. لەنێوان زۆر پرسی تردا، پرسی تۆرەمە، چینی کۆمەڵایەتی و پەروەردە، هاوچەشنی ئەوەی کورد لە وڵاتی خۆیاندا ئەزموونیان کرد، زۆر کاریگەریی لەسەر پێگەی زمانی کوردی لە کۆمەڵی دیاسپۆرادا هەبووە. ئەمڕۆکە زمانی بێدەوڵەتی کوردی لەنێوان زمانە کەمتر فێرکراوەکاندا ."دیسان "زمانێکی کەمتر فێرکراوە دۆخی یەکتربڕی زمانی بێدەوڵەتی کوردی، هەروەها ئاکامی سیستەمی دەسرۆیشتوویی حکوومەتداری و پەروەردەیی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەخۆی حکوومەتە ناوەندییەکانی هەرێمەکە و دامەزراوە فەرمی و نیوەفەرمییەکانی ئەوان لە دەوڵەتە یەکگرتووەکاندایە. لەکۆتاییەکانی دەیەی ١٩٨٠دا، کۆمەڵێک تیۆریی سەرەتایی یەکتربڕین، ئەو بیرۆکەیەیان پەرە پێدا کە سیستەمەکانی سەرکوت بەیەکەوە کار دەکەن بۆ ئەوەی زنجیرەیەک لە دۆخی کۆمەڵایەتی بخوڵقێنن کە ژنانی ڕەش و ژنانی ڕەنگەکانی تر، بەشێوەیەکی نەبینراو بەڵام وەک مەترسییەکی کۆمەڵایەتیی بەردەوام، لەناویدا بژین و کار بکەن. گرینشاو کاتێک لە دۆخی قانوونیی ئاڵۆزی ژنانی ڕەش هەڵکەوت، کە ئەوان وەک ژنێکی ڕەش هەڵاواردنیان ئەزموون دەکرد، لە کۆمەڵێک تیۆریی فێمینیستیی ڕەشەوە بە ئەم ئاکامە گەیشت. ئەوەی کە ئەو بە "یەکتربڕین" ناوی برد، کۆمەڵە نووسینێک لەپەیوەندی لەگەڵ ئەو گرفتە کۆمەڵایەتییانەدا شەنوکەو دەکات کە ژنانی بیرمەندی ڕەش لەگەڵیدا دەستەویەخە بوون و بەشێوازی جۆراوجۆر و بۆماوەی نزیک بە سەدەیەک هەوڵیان داوە ناوێکی بۆ بدۆزنەوە. گرینشاو، لەدوای بیست و پێنج ساڵ لە بڵاوکردنەوەی دوو وتارە سەرەتاییەکەیەوە، بەردەوام بووە لە بەبرشتترکردنی شیکارییە یەکتربڕانەکەی. کووپر(٢٠١۵)، لەسەر

بنەمای ئەو یارمەتییانەی گرینشاو بە [چەمکی] یەکتربرین کردی، پێی وایە بۆ برەودان بە تێکەڵبوونی ژنانی ڕەش لە چەقی یەکتربڕیندا، پێویستە سیستەمە زاڵەکانی دەسەڵات بخرێنە بەر سەرنج و پارچەپارچە بکرێن. ئەو دەڵێت "ئەوەی دەبێت وەک خاڵی ناوەندی و لەپێش هەموو شتەوە دایبنێین، ئەوەیە کە یەکتربرین لەپەیوەندی لەگەڵ دامەزراوە جێگیرەکاندا (دادوەری، ئاکادیمیک و کۆمەڵایەتی)، ئامانجێکی کۆتایی هەیە، لەوەدا کە سیستەمە جێگیرەکانی دەسەڵات دەخاتە بەر سەرنج و لەیەکیان هەڵدەوەشێنێتەوە، ئەویش ئەوەیە کە برەو بە تێکەڵبوونی ژنانی ڕەش و ژنانی ڕەنگی پێستی تر بدات و ئەو بوارە ناسیاریناسانانەیە بگۆڕێت کە لەناویاندا ئەم دامەزراوەگەلە مانادارە و لێیان تێدەگەین". ئەم باسە پێشان دەدات کە چۆن سیستەمە سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئاکادێمیکەکانی دەسەڵات و سەرکوتی حکوومەتە ناوەندییەکانی هەرێمەکە بە یەکەوە و لەگەڵ دامەزراوە فەرمی و نیوەفەرمییەکانی دەوڵەتە یەکگرتووەکانیشدا کاریان دەکرد و زنجیرە هەلومەرجێکی وەهایان خولقاندووە کە لەژێر سێبەریدا زمانی بێدەوڵەتی کوردی ژیاوە و کاری کردووە، هەموو کاتیش بەجۆرێک نەبینراو و بەلام وەک مەترسییەکی بەردەوامیش بووە. هیچکام لەو دامەزراوە فەرمی و نیوەفەرمییانەی لە دەوڵەتە یەکگرتووەکاندا لەلایەن ئەم حکوومەتانەوە پشتگیری کراون، لە باڵیۆزخانەوە بگرە تا، کۆنسوول، ناوەندە فەرهەنگییەکان و دامەزراوە دینییەکان، هیچ هەنگاوێکی بەرچاویان بۆ برەودان بە زمان، وێژە و فەرهەنگی کوردی هەڵنەگرتووە. لەکاتێکدا، هەرئەم دامەزراوەگەلە بەتەواوەتی لە برەودان بە زمانی نەتەوەیی/زاڵی خۆیاندا چالاک بوون. سەیری وێنەی تورکیە بکەن: باڵوێزخانەی تورکیە لە واشینگتن دی سی، کۆنسوولیان لە نیۆیۆرک، لۆس ئانجلێس، شیکاگۆ، هوستۆن و بۆستۆن تەنیا برەو بە زمان و فەرهەنگی تورکی دەدەن. ناوەندە فەرهەنگییە تورکییەکانی نیۆیۆرک، نیووهەمپشایر، نیووجێرسی، پێنسیلڤانیا، ماساچووسێت، ماین، ڤێرمۆنت، کەنەتیکێت و کارۆلاینای باشوور وێنەی ئەو سەدان ڕێکخراوە فەرهەنگی و دینییانەی ترن کە تەنیا زمان، فەرهەنگ و وێژەی تورکی بلاو دەکەنەوە. ئەمانە هەروەها زۆربەیان ئەو ڕێکخراوە گشتییە پەروەردەییانەن کە کۆمەڵ-تەوەر، خێرخوازانە و ڕیزپەڕکراو لە باجدانن و یارمەتی لە دەوڵەتی تورکیە و بەشی گشتی و تایبەت وەردەگرن. ئەم دامەزراوەگەلە چالاکیی جۆراوجۆری وەک شەوە فەرهەنگییەکان، پۆلی مۆسیقای تورکی، پۆلی وێنەکێشانی سەرئاوی تورکی، پۆلی چێشتلێنانی تورکی، پۆلی وێنەکێشان و پۆلی زمانی تورکی(و تەنانەت عوسمانی) ڕێک دەخەن (see for example Turkish cultural center in NYC). تا ئەو جێگەی من ئاگادارم، هیچ یەک لەم ناوەندە فەرهەنگییانە تاقە جارێکیش خولێکی زمان یان فەرهەنگی کوردییان نەخستووەتە بەردەست. ئەمە سەرەڕای ئەو ڕاستییەیە کە زمانی کوردی دووهەم زمانی گەورەیە لە تورکیەدا، کە نزیکەی بیست لە سەدی دانیشتووانی ئەو وڵاتە بەو زمانە قسە دەکەن. لەسۆنگەی پێگە و زمانی شوناسە ژێردەستەکانەوە و لە بەرگریکردن لە چەندزمانە بوونێکی دەستەبژێر لە دەوڵەتە یەکگرتووەکاندا،

هەموو ئەم ناوەندە فەرهەنگییانە هاوکات لەگەڵ ئەوەی لە پشتگوێخستنی زمان و فەرهەنگی نەتەوە بێدەوڵەتە ژێردەستەکاندا، لە ناوخۆ و لە دیاسپۆرادا یارمەتیی پلەمەنیی (هیرارشی) دەسەڵات دەدەن، یارمەتیدەری سەرکوتی زمانە بێدەوڵەت و ژێردەستەکان و سڕینەوەی ئەزموونی ئەوانیشن لە دەوڵەتە یەکگرتووەکاندا.

زۆربەی کات، نەک هەموو کات، لەم ناوەندە فەرهەنگییانەدا، فەرهەنگ، مۆسیقا، جوگرافیا و جۆری خواردنی فەرهەنگە ژێردەست و بێدەوڵەتەکان بەناوی سەردەستەکانەوە دەناسێنرێت و بەرهەم دەهێنرێتەوە. لەسەر ئەم پشتگوێخستنە ناڕاستەوخۆ و زمانکوژییە نەرمەی زمانی کوردی لە دیاسپۆرادا، حکوومەتە ناوەندییەکانی ناوچەکەیش لە هەزاران مایل ئەولاترەوە دوودڵ نین لەوەی بانگەشەی زمانکوشتنی زبری زمانی کوردی بکەن. تا ئەمڕۆیش، تورکیە شەڕی ئەوە دەکات مێژوو بنووسێتەوە و ڕەدی دەکاتەوە کە کۆمەڵکوژیی ئەرمەنییەکان و کوشتوبڕی دریرسیم لە سەدەکانی پێشوودا ڕوویان داوە. باڵوێزخانەکانی تورکیە لە ئورووپادا دژی پێگەی زمانی کوردین. "هەوڵدان بۆ پەروەردەی مامۆستای کوردی یان داوای کەمترین مافی پەیوەندیدار بە زمانی دایکەوە و یان تەنانەت ناونووس کردنی کوردی لە زۆربەی بۆنەکاندا لەلایەن باڵوێزخانەکانی تورکیە لە ئاڵمان و دانمارکدا بەرەورووی دژایەتی و هەڕەشە بوونەتەوە" (Skutnabb-kangas, ١٩٨٤,pp.٢٧٩-٢٨٠; Hassanpour, Skutnabb-Kangas & chyet, ١٩٩٦). لەمانگی ئاڤریلی ٢٠١٩دا، زانستگای تۆکیۆ لە ژاپۆن ڕایگەیاند کە لە بەرنامەیاندا پۆلی زمانی کوردییش دەگونجێنن. دواتر هەر لەو مانگەدا، ڤاکاس گۆلاک (Vakkas Golak) ڕاهێنەری زمانی کوردی لە زانستگای تۆکیۆ بانگەشەی ئەوەی کرد کە دەوڵتی تورکیە هەوڵی داوە پۆلەکە لە زانستگاکەدا دابخات.[11] پێویستی بە وتن نییە کە ئێران، سووریە و عێراقیش لە دەرەوە هەر وەک ناوخۆ هەر ئەو ڕوانگەیەیان بەرانبەر بە زمانی کوردی هەبووە. پێکهاتە حکوومەتی و پەروەردەییەکانی دەسەڵات و سەرکوت لە وڵاتانی ناوچە کە کوردیان بەسەردا دابەش بووە، نەک هەر لە بێبەشکردنی زمانی بێدەوڵەتی کوردی لە دەرەتانی بەرچاوکەوتندا پێکەوە تەنراون، بەڵکوو ئەم هەوڵەیان لەناو دامەزراوە فیدراڵەکان و دامەزراوەکانی پەروەردەی باڵایشدا دەدەن. دامەزراوەکانی فیدراڵی و پەروەردەی باڵا، بەشی خوێندنەوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوین لە دەوڵەتە یەکگرتووەکاندا و ئەنجومەنگەلی وەک NCOL-CTL، MESA، ACTFL حەزی خۆیان بۆ پشتگیریی و پەرەپێدانی زمانی بێدەوڵەتی کوردی پێشان داوە. گرینگ نییە کوردێک هەڵدەبژێرێت کە چۆن لە سەرژمێریی دەوڵەتە یەکگرتووەکاندا بناسرێت، ئەو لە پاسپۆرتەکەیدا وەک ئێرانی، عێراقی، تورکی و سووری دەستنیشان دەکرێت، لە سیستەمی زانستگایشدا هەر بەو جۆرەیە. نووسینگەی سەرژمێریی دەوڵەتە یەکگرتووەکان وڵامەکانی "عەرەب"، "عەرەبی"، "کورد" و "بەربەر"ی هەموو بە عەرەب ڕیزبەند کردووە (Sheiholislami & Sharifi, 2016).[12] حکوومەتی دەوڵەتە یەکگرتووەکان حکوومەتە ناوەندییەکانی لا گرینگترە لە نەتەوە و زمانە بێدەوڵەتەکان. بۆوێنە بڕوانینە یارمەتییە خوێندنییەکانی دەوڵەتە

یەکگرتووەکان بۆ زمانە لە مەترسی کەوتووەکان. سەرەڕای ئەو ڕاستییەی کە کوردی لەناو لیستی زمانە لەمەترسی کەوتووەکانی دەوڵەتە یەکگرتووەکاندایە، بەڵام هیچ یەک لە بەرنامە سەرەکییەکانی یارمەتیی فیدراڵ وەک یارمەتیی زمانە لە مەترسی کەوتووەکان، خەڵاتی بۆرێن، بەرنامەی یارمەتیی خوێندنەوەی زمان و ناوچە دەرەکییەکان(FLAS)، بەرنامەی ناوەندەکانی سەرچاوەی نەتەوەیی، STARTALK و فلاگشیپی زمان، یارمەتیی بەرنامە زمانەوانییە کوردییەکانیان نەکردووە. من خۆم ئەم جۆرە لە هەڵاواردنم لە کاتی خۆیدا لە IUB بینیوە. بۆوێنە، دوای دوو ساڵ کاری چڕوپڕی ناونووسین لە IUB دا، لە کۆتاییدا دە داخوازییم بۆ خوێندکارەکانی زمانی کوردی بۆ وۆرکشۆپی زمانی هاوینی ٢٠١٧ پێشکەش کردبوو. من هیوادار بووم بگەم بە ناونووسکردنی لانیکەمی دە خوێندکار کە IUB مەرجی بۆ دانابوو بۆ پاییزی ٢٠١٧ و بە دابینکردنی ئەو مەرجە کە بۆ هەموو زمانێکی نوێی تریش هەیە پێگەیەکی تەواوکات بۆ زمانی کوردی بکەمەوە. لەگەڵ ئەوەیشدا، داخوازییەکە دەبوو ماتڵ ببێت چونکە بەشی ناوخۆییی سەرچاوە نەتەوەییە ئاسیایی و ئورالیکەکان (سەردێرێک بۆ ناوەندیVI) لەپێشدا داخوازیی خوێندنەوە ناوچەیی و زمانە دەرەکییەکانی (FLAS) بۆ زمانەکانی فارسی و تورکی دەخەملاند. ئەگەر پێگەیەک بمایەتەوە، ئەو کات دەچوون بەدوای داخوازکارەکانی زمانی کوردیدا کە شیاوی یارمەتییە دابینکراوەکانیFLAS بوون. شەش کەس لە داخوازکارەکان لە پلانی خۆیان بۆ خوێندنی زمانی کوردی وەک زمانی تر کشانەوە، لەبەرئەوەی نەیانویست مەترسیی کات بەفیڕۆچوون بەبۆنەی FLAS لەئەستۆ بگرن. لە ئاکامدا تەنیا چوار کەس لە ١٠ خوێندکارە سەرەکییەکە توانیان بەدوای بەرنامەکەدا بڕۆن. هیچکام لە دامەزراوەکانی پەروەردەی باڵا لە دەوڵەتە یەکگرتووەکاندا کە پێشتر یان ئێستا زمانی کوردی پێشنیار دەکەن، هیچ پلان و ستراتیژییەکی درێژخایەنیان بۆ هێشتنەوەی بەرنامەکەیان نەبووە. لەکاتی نووسینی ئەم وتارەدا، هیچ زانستگایەکی دەوڵەتە یەکگرتووەکان پێگەیەکی بەردەوامی بۆ زمان و وێژەی کوردی نەبووە. ئەوان ئێستایش، سەدان بەرنامە بۆ زمانە زاڵەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوین، لەژێر ناوی قەبەی خوێندنەوە ناوچەییەکاندا پێشنیار دەکەن. بەگوێرەی دامەزراوەی توێژینەوەی پێشکەوتوو لەسەر فێربوونی زمان لە زانستگای مینێسۆتادا[١٣]، تەنیا لە دەوڵەتە یەکگرتووەکاندا، زۆرتر لە ٧٨٨ بەرنامەی بەردەوام بە زمانی عەرەبی، ١٠٩ بە زمانی تورکی و ١٠٠ بە زمانی فارسی هەیە، بەڵام هیچ بەرنامەیەک لەسەر زمانە بێدەوڵەتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوین نییە. بەگوێرەی ئەنجوومەنی خوێندنەوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوین، ٢٢٥ بەرنامەی خوێندنی باڵا لە دەوڵەتە یەکگرتووەکاندا هەیە، کە ١٥٩ی بۆ عەرەبی، ٩١ی بۆ عیبری، ٤٩ی بۆ فارسی و ٣٦یش بۆ تورکییە. وەها بەرنامەگەلێکی بەردەوام بۆ زمانە قەیراناوییەکانی وەک زمانی کوردی نییە. ئەم ناهاوسەنگییە زۆر کاریگەریی لەسەر خوێندنەوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە دەوڵەتە یەکگرتووەکاندا هەبووە، کە تێیدا تاقمە پێدراوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوین نەک هەر لەلایەن هیرارشییەوە بەڵکوو لەلایەن پەراوێزەکانیشەوە دەدوێن (Soleimani & Mohammadpour, ٢٠١٩).

یەکێک لەو ئاستەنگانەی بەرەرووی زمانێکی بێدەوڵەتی وەک زمانی کوردی لە دەوڵەتە یەکگرتووەکاندا دەبێتەوە، جۆری هەڵسوکەوتی بەشی فەرهەنگ و زمانی ڕۆژهەڵاتی ناوین و ڕۆژهەڵاتی نزیک لەگەڵ زمان و فەرهەنگە پەراوێزەکانی وەک زمانی کوردیدایە. ئەم بەشانە، بەهۆی ئەوەی پێشتر کەوتوونەتە ژێر دەستی لێکۆڵەرانی زمانە زاڵەکانی هەرێمەکە و ئەو لێکۆڵەرە ڕۆژئاواییانەی پەروەردەکەیان بە چوارچێوەی زمانە زاڵەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوین وەرگرتووە، ئەگەریش نەڵێین هیچ، بەڵام لانیکەمی هۆگرییان بۆ پشتگیری و برەودان بە زمان و فەرهەنگە بێدەوڵەتەکانی وەک کوردی هەبووە. ئەزموونی خوێندنەوە کوردییەکان لە ناو بەشەکانی مرۆڤناسی، زانستە سیاسییەکان و مێژوودا زۆر جیاواز بووە، لەوبەشانەدا کوردی دانی پێدانراوە و دۆخی باشترە. لەماوەی چوار ساڵ وانەوتنەوەی کوردی لە IUB دا و تێکەڵاویم لەگەڵ زۆرێک لە لێکۆڵەرە کوردەکان لە دەوڵەتە یەکگرتووەکاندا، من هەڵسوکەوتی زۆر باشم لەم بەشانە بینیوە. بۆ وێنە سەرنجی شێوازی بانگەشە بۆ پۆلەکانی زمانی کوردی لە ڕیزبەندی خولە پێشنیارکراوەکانی بەشی IUB ی خوێندنەوەکانی ئووراسیای ناوەندی بدەن.[14] کوردی ، بەپێچەوانەی زمانە کەمتر فێرکراوە پێدراوە خاوەن دەوڵەتەکانەوە ، لەژێر ناوی زمانەکانی ئووراسیای ناوەندیدا بانگەشەی بۆ کراوە. هاوچەشنی IUB، لە ئێستادا بڕیار وایە خولی زمانی کوردی لە نەشڤیلدا لەژێر ناوی "زمانەکانی تری ١،٢،٣" دا پێشنیار بکرێت. زمانی کوردی کە دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی نییە، ناتوانێت لەسەرپێی خۆی بوەستێت و بانگەشە بکرێت. لە هێندێک وێنەدا، ڕاپۆرتی هەڵاواردنی ڕوونی ئەم بەشانە لەسەر زمانی کوردی هەیە.[15]

ئەم بەشانە و ناوەندە بەستراوەکان بە ئەوانەوە لە دابەشکردنی سەرچاوە دەرەکی و ناوخۆییەکانی حکوومەتی فیدراڵ و لەهەمووی بەرچاوتر، لە دابەشکردنی ئەو یارمەتییانەی بۆ خوێندنەوە ناوچەییەکان، زمانە قەیراناوییەکان و فەرهەنگە نەناسێندراوەکانی وەک کوردی دیاری کراون، تووشی ناهاوسەنگین.

لە ٢٩ ی ئاگۆستی ٢٠١٩دا، بەشی پەروەردەی دەوڵەتە یەکگرتووەکان، نامەیەکی بڵاو کردەوە کە ئاماژە بە زانستگای کارۆلینای باکوور لە چاپڵ هیڵ دەکات، کە لە پێداچوونەوەی بەشەکە بە ڕاپۆرتی ساڵانەی پرۆژەکاندا لەلایەن کۆنسرسیۆمی دوک زانستگای کارۆلینای باکوورەوە لەژێر سەردێڕی VIی خوێندنەوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناویندا نێردراوە، باس لە نایەکسانیی بنەڕەتی دەکات: "خوێندنەوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوینی دوک-زانستگای کارۆلینای باکوور لە ناو ئەو ژمارە کەمەی، ئەگەر نەڵێین هیچ، لە بەرنامەگەلەیدا کە چڕبوونەتەوە لەسەر ئەو هەڵاواردنە مێژووییانەی کەمینە دینییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست وەک مەسیحی، بەهایی، جوولەکە، ئێزیدی، کورد، دورووزەکان و ئەوانی تر بەرەورووی دەبنەوە و دۆخی ئێستای ئەوان، ناهاوسەنگیی پێوە دیارە"[16].

لەسەر بابەتی پاڵنەرە جۆراوجۆرەکان و هۆکارەکانی پشت ئەم نامەیە مشتومڕی چڕ لەنێوان لێکۆڵەرانی ڕۆژهەڵاتی ناویندا بووە. بەهەرجۆرێک بێت، من وەک لێکۆڵەرێک کە لە سەرەتاوە لەژێرناوی VI دا کارم کردووە، ئەو تێبینییە ڕەوایانە دەبینم کە پەیوەندییان بەو ڕاستییەوە

هەیە کە زمان و فەرهەنگە پەراوێزەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوین، وەک کوردی و ئێزیدی لە بەرنامەی خوێندنەوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوین لە دەوڵەتە یەکگرتووەکاندا سەرنجی کەمیان خراوەتە سەر.

لەم ڕوانگە ناهاوسەنگ و ئاڵۆزە بۆ زمانە بێدەوڵەتەکانی ئەمریکای باکووردا ئاماژەیەکی تر ئەوەیە کە بەرنامەکانی خوێندنەوە ناوچەییەکان -کە لەژێر دەستی ئەو دامەزراوە ئاکادێمیانەی دەوڵەتە یەکگرتووەکاندان کە توێژینەوە و فێرکاری لەسەر "ئەوانی تر"ی دەرەوەی سنوورەکانی ئەمریکا دەکەن- هێشتا لەناو چوارچێوەی دەوڵەت-(تاقە) نەتەوەدا کار دەکەن، بۆیە ڕەنگە لەناو گێژەنی قەیرانێکی ماڵی و ناسیاریناسانەدان؟ یان ڕەنگە ئەمە بە هۆکاری ئەوە بێت، کە لە ئەمریکای باکووردا، خوێندنەوە پۆست-کۆلۆنیاڵییەکان لەپێشی خوێندنەوەکانی ئیسلامی و ڕۆژهەڵاتی ناویندان. لەکاتێکدا لێکۆڵەرە پۆست کۆلۆنیاڵەکانی خوێندنەوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوین لەلایەکەوە دژی پشتگوێخستنی بەربڵاو و توندوتیژانەی نوێنەرایەتیکردنی مێژوویی خەڵکی پەراوێزخراو، ئۆتۆنۆمی و مافە زمانەوانییەکانیان لەلایەن ڕۆژئاواوەن، لەلایەکی تریشەوە، دژی ئەوەن کە ڕۆژئاوا ناڕاستەوخۆ لەبیرخۆی دەباتەوە کە دەوڵەتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوین نوێنەرایەتیی مێژوویی خەڵکە بەزۆر پەراوێزخراوەکەی خۆیان، ئۆتۆنۆمی و مافە زمانەوانییەکانی ئەوانیان پشتگوێ خستووە. ئەوان ئەزموونی فەرهەنگ و زمانە بێدەوڵەتە پەراوێزخراو و کۆلۆنیکراوە ناوخۆییەکانیان لە بەرژەوەندیی زمان و فەرهەنگە زاڵەکانی ڕۆژهەڵاتی ناویندا و لە ماتریکسێکی دوانەدا سڕیوەتەوە: ئیمپریالیزمی ڕۆژئاوا لەبەرانبەر دنیای ئێرانی/ئیسلامیدا. لەم دەلاقەیەوە، دەکرێت تێبگەین چۆنە کە ئیدوارد سەعید هێرشی کیمیاییی ڕژێمی بەعس بۆسەر شاری کوردی هەڵەبجە ڕەد دەکاتەوە، بەڵام بەرانبەر بە هەڵمەتی قڕێژی ئەنفالی هەر ئەو ڕژێمە بە دژی کورد، کە تێیدا هەزاران کەس بەکۆمەڵ کوژران بێدەنگ دەبێت. سەعید لە پێشانگای کتێبی لەندەن ئاوای وت: "بانگەشەی ئەوەی کە عێراق گازی ڕشتووە بەسەر شارۆمەندەکانی خۆیدا هەمووو کات وتراوەتەوە. لە باشترین ئەگەردا، دڵنیا نین لەم شتە".[١٧] لێکۆڵەرە پۆست- کۆلۆنیاڵەکانی وەک حەمید داباشی، لەبریی دەستنیشانکردنی ئەم خاڵە تاریکە لە خوێندنەوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناویندا، بانگەشەی ئەوە دەکەن کە نامەکەی بەشی پەروەردەی دەوڵەتە یەکگرتووەکان بەڕاستی ئاراستە کراوە بۆ ئەوەی دژی تێگەیشتن لە "دەمارگرژیی دژە-ئیسرائیلی و دژە-ئیمپریالیستی"[١٨] لە وەها بەستێنێکی زانستگاییدا بوەستێتەوە. لەباری مێژووییەوە، لە ڕۆژهەڵاتی ناویندا بەرەوودان بە زمانی دایکی کەمینەکان بۆ ڕاهێنان لەلایەن دەوڵەتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە بەستراوەتەوە بە سەهیۆنیزم، ئەمپریالیزم و نەیارانی ئەم دەوڵەتانەوە(Sheyholislami, ٢٠١٩; Soleimani & Mohammadpour, ٢٠١٩).

زمانی بێدەوڵەتی کوردی تەنانەت لەناو دامەزراوە و ڕێکخراوەکانی وەک ACTFL و NCOLCTL دا، کە لە بنەڕەتەوە بەمەبەستی نوێنەرایەتیکردنی زمانە قەیراناوی و کەمتر فێرکراوەکان لە دەوڵەتە یەکگرتووەکاندا دامەزراون، تەنانەت لەو دەرفەتانەی کە بۆ ئەندامە پێدراو و خاوەندەوڵەتەکانی ناو تاقمەکە دیاری

کراون خۆی بــه بێبــەش دەبینێتەوە. بە پشتبەســتن بە کارەکانی سمیس (smith, ١٩٨٨, p.xxiii)، کووپــەر بیرمان دەخاتەوە کــە "یەکتربڕین نەک هــەر وەک ئامرازی گێڕانــەوەی وردەکارییەکانــی خۆیەتیــی (subjectivity) تاقمــە یەکتربــڕەکان بەکەڵکە، بەڵکــوو زۆرتر یارمەتیدەریشــە بۆ پێشــاندانی جــۆری کاری جووڵەکانی دەســەڵات لــەو شــوێنانەدا کــە ڕەنگە ڕێبازێکی تــاک تەوەرانە جۆری کارکردنەکە بشــارێتەوە". (ACTFL لە ســاڵی ١٩٦٧ و NCOLCTL لــە ١٩٩٠) لــە کاتی دامەزراندنیانەوە، زمانــی بێدەوڵەتی کوردی مــژاری تاقە یەک ناســاندنی کۆنفرانســە ســاڵانەکانیان نەبووە. بۆوێنە، ســاڵنامەی زمانی بیانی و ڕۆژنامــەی NCOLCTL تەنانــەت یــەک وتاریان لەســەر زمانی کوردی بــڵاو نەکردووەتــەوە. لەکاتێکدا، هــەر ئــەو دامــەزراوە و ڕۆژنامەکانیــان ســەرقاڵی زمانە کەمتر فێرکــراوە پێدراو و خاوەندەوڵەتەکانــن. چوارچێــوەی ئێســتای ACTFL و NCOLCTL و دامەزراوە هاوچەشــنەکانیان زۆربەی کات هەڵدەگەڕێتــەوە بۆ ئەو تــاک تەوەرییەی زمانە پەراوێزخــراوەکان کــە بریتییە لە: زمانــە کەمتر فێرکــراوەکان لــە بەرانبەر زمانــە زۆرتــر فێرکراوەکاندا. بەگشــتی، ئــەوان ناتوانن یەکتربڕینــی پەراوێزخران، هــەڵاواردن و زمانکوژیی نەرم و زبری زمانە بێدەوڵەتەکان ڕوون بکەنەوە. گرینشــاو لە "ســڕینەوەی پەراوێزخرانــی یەکتربڕینی تۆرەمە (race) و ڕەگەز(sex)"دا کاتێک بەرانبــەر "فرەڕەهەندبوونــی ئەزموونــی ژنانــی ڕەش" دایاندەنێت، ســنوورەکانی ئەم شــێکارییە تاک-تەوەرانەیە پێشــان دەدات. ئــەو بــاس لــەوە دەکات کــە "ئــەم چوارچێوە تــاک تەوەرانەیــە"، لە ڕێــگای ســنووردارکردنی لێکۆڵینــەوە لە ســەر ئــەو ئەندامانــەی تاقمەکــە کە بەڕێگایەکی تــردا پێبەخشــراون، "ژنانی ڕەش لەنــاو بەچەمککــردن، ناســینەوە و چارەســەری کێماســییە فێرکارییەکانــی هەڵاواردنــە تۆرەمەیــی و ڕەگەزییەکاندا دەســڕێتەوە"(p.١٤٠ ,١٩٨٩). هەربەوجۆرە، ئــەم دامەزراوەگەلــە بــەو چوارچێــوە تاک-تــەوەرەی ئێســتایانەوە -زمانــە زۆرتــر فێرکــراوەکان بەرانبەر بــە زمانە کەمتــر فێرکــراوەکان- ناتوانن ئاریشــە فرەتەوەرەکانــی زمانــە بێدەوڵەتەکان لە دەوڵەتە یەکگرتووەکاندا دەستنیشــان بکەن. بە وتەیەکی تــر، زمانــە بێدەوڵەتەکان لە نێوان یەکتربڕینــی زمانە بیانییەکان، زمانە کەمترفێرکراوەکان، زمانــە بێدەوڵەتەکان و زۆرێک کێشــەی تردا دەمێننەوە کە بەهۆی نەبوونــی دەوڵەتەوە ســەریان هەڵداوە. ئەم کێشــەگەلەی زمانە دوورخراوەکان بەسانایی و تەنیــا لەڕێگای هێنانەوە نــاو پێکهاتەی شــرۆڤەکارانەی پێشــتردامەزراوی زمانە کەمترفێرکراوەکانــەوە چارەســەر ناکرێت. ئەزموونی یەکتربڕینانــەی زمانی بێدەوڵەتی کوردی شــتی زۆرتر لــەوە لەخۆ دەگرێت کــە تەنیا زمانێکــی کەمترفێرکــراو بێت. گرینشــاو (p.٣٨٦, ١٩٨٩)، بــە ســەرنج خســتنە ســەر ئــەو ئــاکارەی تێیــدا چوارچێــوەی تاک-تەوەرانە ئەزموونی ژنانی ڕەش دەســڕێتەوە، ئەو ئاریشە گەورەترەیش پێشــان دەدات کــە "ئــەم کێشــەی دوورخستنەوانە بەســانایی و تەنیا لەڕێگای هێنانەوەی ژنانــی ڕەش بۆ ناو پێکهاتەیەکی شرۆڤەکارانەی پێشــتردامەزراووەوە چارەسەر نابێت". گرینشــاو پشتڕاســتی دەکاتەوە کــە "ئەزموونــی یەکتربڕینانــە، لەکۆی ڕاسیزم و سێکســیزم بەیەکەوە گەورەترە"، ئەمــە واتــا "هــەر شــیکارییەک کــە یەکتربڕیــن لەبەرچاو نەگرێــت، ناتوانێت بەگوێــرەی پێویســت ئەو ئــاکارە تایبەتە

دەستنیشـــان بکات کە تێیـــدا ژنانی ڕەش دەبەســـترێنەوە"(p.١٤٠). ئـــەم تێڕوانینانە پێویســـتیان بە "ســـەرلەنوێ دارشتنەوە و بیرکردنەوە"ی گشـــتیی لـــە چوارچێوەی سیاســـەتە هەنووکەییەکانـــدا هەیـــە.

هاوچەشـــنی ئەزموونی یەکتربڕینانەی ژنانـــی ڕەش، ئەزموونـــی یەکتربڕینانـــەی زمانـــە بێدەوڵەتەکانیـــش پێویســـتیی بە "ســـەرلەنوێ دارشـــتنەوە و بیرکردنەوە"ی گشـــتی لـــە چوارچێـــوەی سیاســـەتە هەنووکەییـــەکان ســـەبارەت بـــە زمانی کـــوردی و زمانـــە بێدەوڵەتەکانـــی تر لە ئاســـتی فیدراڵ، دامەزراوەکانی پەروەردەی باڵا، بەشـــەکانی خوێندنـــەوەی ڕۆژهەڵاتی ناوین، ACTFL و NCOLCTL و ئەوانی تردا هەیـــە . لەناو سیاســـەتی هەنووکەیی لە ئاســـتی فیدراڵ و نەتەوەییـــدا، دەبێت کێشـــەی خوێندنەوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوین و ناوچەیی ڕوون بکرێنەوە و دەستنیشـــان بکرێـــن. لـــە ئاکادێمیـــای ئۆرووپـــادا، لەبوارگەلی وەک خوێندنـــەوە کوردییەکاندا ( بۆوێنە زانســـتگای ئێگزێتێر) و بەشەکانی زمانناسی و وشەناســـیی زمانە ئێرانییەکان (بۆوێنە زانســـتگای ئۆپســـالا) باشـــتر لە بەرنامە و بەشـــەکانی ڕۆژهەڵاتـــی ناوین و ڕۆژهەڵاتـــی نزیکـــی زانســـتگاکانی ئەمریکای باکـــوور دابینکارییـــان کردووە. لەنـــاو دامەزراوەکانی پـــەروەردەی باڵادا، زمـــان و فەرهەنگـــە بێدەوڵەتـــەکان و لەناویانـــدا زمان و فەرهەنگـــی کوردی، کە مێژوویـــەک لە ســـەرکوت و بێدەنگکرانیان لـــە پشـــتە، لەجیاتیی ئـــەوەی تەنیا لەناو خوێندنەوەکانی ڕۆژهەڵاتـــی ناویندا هەبن، دەبێت لە بەشـــە جۆراوجۆرەکاندا دابنرێن. وەهـــا هەنگاوێـــک دەکرێـــت لاســـاییی بەرنامەکانـــی خوێندنـــەوەی عیبـــری و جوولەکـــە بکاتـــەوە کـــە لە بەشـــەکانی زمـــان و فەرهەنگی ڕۆژهەڵاتـــی ناوین کە هەر لـــە کۆنـــەوە میوانداری ئـــەو بوون جیـــای کردووەتەوە. وەهـــا جێگۆڕکێیەک دەتوانێت ئازادی و ســـەربەخۆییەکی زۆرتر بـــە زمـــان و فەرهەنگی کـــوردی بدات. کـــوردی و زمانـــە بێدەوڵەتەکانـــی تریش دەتوانـــن بـــۆ بردنەســـەری تێگەیشـــتن و بەرگـــری لە پرســـەکەیان و ســـازدانی هەڵمەتـــە نەتەوەییەکان، لەگـــەڵ یەکتردا هاوپەیمانـــی ببەســـتن. ئـــەوان دەبێت زۆرتـــر لەگـــەڵ ڕاوێژگـــە نەتەوەییەکانی وەک NCOLCTL دا تێکـــەڵ ببن، تاکوو دڵنیا ببن لـــەوەی ئـــەم ڕاوێژگەیانە وەک دامەزراوەیـــەک دەبـــن کـــە نوێنەرایەتیی هەمـــوو زمانە کەمتـــر فێرکـــراوەکان و لەناویانـــدا زمانـــە بێدەوڵەتـــەکان دەکەن. کورد دەبێت بـــۆ ئـــەو زاراوە کوردییانەی (وەک هـــەورام، زازاکـــی و لـــوری) کـــە وەک زمانـــی لە مەترســـیکەوتوو لەبەرچاو دەگیرێـــن، ئارشـــیڤی دیجیتاڵ دروســـت بـــکات و پـــەرەی پـــێ بدات و بـــەدوای ئـــەو بەرنامانـــەدا بچێـــت کە بـــۆ زمانە لـــە مەترســـیکەوتووەکان دیـــاری کراون.

لە نەبوونی پشتگیریی دامەزراوەیی و فیدراڵدا، لە یەکەمین خولی زمانی کوردییەوە(IUB in ٢٠٠٦) تا دوایین خول(University of central florida ٢٠٢١)، دەسپێشخەرییە تاک و بەکۆمەڵەکان زۆرترین یارمەتییان بە بەرنامەکانی زمانی کوردی لە دەوڵەتە یەکگرتووەکاندا داوە. بۆ یەکەمین جار، خوێندکارانی کورد بەشداری بەرنامەیەکی خوێندنی باڵا لە دەوڵەتە یەکگرتووەکاندا دەبن و دەسپێشخەریی پێشنیاری پۆلی زمانی کوردی دەکەن. ئەم بەرنامەگەلە زۆر بە کەمی لەقۆناغی خوێندندا بەردەوام دەبن. لە هێندێک وێنەدا(Los angeles and San Diego, CA;Nashville, TN; and Middle East institute, D.C.)، بەڕێوەبەریی بەکۆمەڵ و مەدەنی ئەم دەستپێشخەرییانەی

کردووە. هەرچۆن بێت، بەرپرسیارییەتیی ئەم بەرنامانە بەستراوەتەوە بە کەسانێک لە پێگەگەلی کاتیدا. بەشێک لە پۆلەکانی زمانی کوردی (Chicago University, NYC, and Washington D.C.) وەک خولی لاوەکی و لە کاتی ئێواراندا پێشنیار کراون. لەو کاتانەدا کە لە تارانی ئێران، ماردینی تورکیە، دەمەشقی سووریا بووم، خۆم بەشداریم لەم چەشنە پۆلە کوردییە لاوەکییانەی ئێواراندا دەکرد کە بە دەستپێشخەریی ئەو کەسانە ڕێکخرابوون کە هەوڵیان دەدا نەبوونی هیچ جۆرە پشتگیرییەکی حکوومەتی و دامەزراوەیی قەرەبوو بکەنەوە. لە نەبوونی جێگایەکی فیزیکیی دیاریکراو و دامەزراوەیەکی پشتگیردا، سکایپ و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی وەک فەیسبووک و یووتیووب، ڕۆڵێکی سەرەکییان بوو لە فێرکردنی زمانە بێدەوڵەتەکاندا. زمانە بێدەوڵەتەکان دەوڵەتی خۆیان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا دامەزراند. هەموو ئەم وێنانە پێمان دەڵێن کە زۆرینەی خولەکانی زمانی کوردی لە دەوڵەتە یەکگرتووەکاندا، لە جیاتی ئەو سەدان بەشە پشتیوانە دامەزراوەییانەی خوێندنەوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوین، بەستراونەتەوە بە دەستپێشخەرییە تاک و بەکۆمەڵەکانەوە. نەبوونی پاشەکەوتی ماڵی و لانیکەمی ڕێکاری پێویست بۆ ناونووسینەوە، سەرەکیترین ئاریشەیەکە کە بەرنامەکانی زمانی بێدەوڵەتی کوردی لە دەوڵەتە یەکگرتووەکاندا بەزۆری بەدەستیەوە دەناڵێنێت. بەپێچەوانەی زمانە پێدراوە خاوەن دەوڵەتەکانەوە، زمانی کوردی لە دەوڵەتە یەکگرتووەکاندا تەنیا لەگەڵیدا هەڵکراوە و تەنیا ئەوەیە کە قەدەغە و ناقانوونی نەکراوە. ئەمە وەک "مافی نەرێنیی زمان"یش ناوی دەبرێت(Wright, ٢٠٠٤). مافی نەرێنیی زمان بۆ ئەوەی کۆمەڵێکی زمانی لە دنیایەکدا کە ڕۆژبەڕۆژ بە دنیاییتر دەبێتەوە و بە ئابوورییەک لەسەر بنەمای زانیاریدا دەناسرێتەوە، بەشی ئەوە نییە کە بتوانن زمانەکەیانی پێ بپارێزن (Sheyholismami, ٢٠١٩, p.١٠٧). هاوچەشنی هەڵکردنی سنووردار لەگەڵ زمانی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی ناویندا، خوێندنەوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوین لە دەوڵەتە یەکگرتووەکانیشدا، وادیارە هێندێک مافی هەڵبژێردراویان بۆ زمانی کوردی دابین کردووە، کە تەنیا خۆی لە گوتاردانی ساڵانەی زمانی کوردی، بەرنامەی پەرشوبڵاوی هاوینەی زمانی کوردی و ڕووداوە ماوەبەماوەکانی وەک شەوی فیلم و مێزی زماندا دەبینێتەوە. ئەم پشتگیرییە سنووردارە ئاڵۆزە، جاروبار دەبێت بەهۆی کرانەوەی خولێکی نوێی زمانی کوردی، لەگەڵ ئەوەیشدا، بەشی ئەوە نییە کە بەرنامەکەی پێ بپارێزێت و درێژەی بدات. تا ئەمڕۆ، کردنەوەی خولە نوێیەکانی زمانی کوردی، داشکاندنی پۆلە کۆنەکانی زمانی کوردی، دیارترین تایبەتمەندیی بەرنامەکانی زمانی کوردی لە دەوڵەتە یەکگرتووەکاندا بووە.

سەرەڕای چوونەسەری دەروەستبوون بە فرەچەشنی لە ئاستی وتاردانداا، زمانی بێدەوڵەتی کوردی، لە ئاکادێمیای ئەمریکای باکووردا، کەڵکی لە تاقە یەک پێگەی تەواو- کات وەرنەگرتووە. کووپر(٢٠١٥) ئاگادارمان دەکاتەوە کە لە کاتێکدا کە دەروەستبوون بە فرەچەشنی لە ئاستی وتارداندا چووەتە سەرەوە، بەڵام دەروەستبوونی بە کردەوە کەمی کردووە و دەبێژێت "پێگەی ئەوانی تری تۆرەمەیی لە نێو بۆشاییەکانی ئاکادێمیادا لەرزۆکە، بەتایبەت لە سەردەمی زانستگا نیۆلیبراڵەکاندا، کە دەروەستییان بۆ فرەچەشنی لە ئاستی وتارداندا چووەتە سەرەوە بەڵام دەروەستییان بۆ دابینکاریی

ماڵیی زانکۆ لە بەش و بەرنامەکانی ژنان و خوێندنەوەکانی جێندەر و ئێتنیکدا کەم بووەتەوە. جیم کوومینز، یەکێک لە بەرچاوترین لایەنگرانی پەروەردەی فرەزمانە، سەرنجمان رادەکێشێت بۆ پێشڤەچوونێکی ڕواڵەتی، کاتێک دەبینێت "تاقمە زاڵەکان ڕەنگە هێندێک پشتگیریی دەستەبژێر بۆ فێرکردنی زمانە [دووجار کەمینەکان] بکەن، چونکە ئاگادارن ئەم پشتگیرییە دەستەبژێرانە دووره کاریگەرییەکی ئەوتۆیان ببێت". ئەو لە هەڵسەنگاندنی قربۆقێک لەناو ئاودا کەڵک وەردەگرێت: ئەگەر قربۆقێک بخەنە ناو ئاوی لەکوڵەوە، دەمودەست دەپەرێتە دەرەوە، بەڵام، ئەگەر بیخەنە ئاوێکی ساردەوە و لەسەرەخۆ گەرمی بکەن، قرپۆکەکە لەگەڵ گەرمبوونە ماوەبەماوەکەدا هەڵدەکات و لەکۆتاییدا لەناو ئاوە لەکوڵەکەدا دەمرێت. بەڕای کومینز "ئەگەر تواندنەوەی زمانی لەسەرەخۆ بێت ئەوکات خەڵک ئاگادار نابن کە چی ڕووی داوە" (as cited in Kalan,٢٠١۶, p.٧١; Sheyholislami, ٢٠١٩, ١٢٣.). پێگەی زمانی کوردی لە هەردوو ڕۆژهەڵاتی ناوین و دەوڵەتە یەکگرتووەکاندا، ئاماژەیەکی تەواو ڕاستە کە ئاوەکە پێشتر هاتووەتەکوڵ.

## کۆتایی

دۆخی زمانی کوردی وەک زمانێکی بێدەوڵەت لە دەوڵەتە یەکگرتووەکاندا، ئاوێنەی سیاسەتەکانی ناوخۆی وڵاتانی سەرچاوەی ئەوانە. لەهەردوو بەستێنەکەدا، زمانەکە هیچ "مافێکی ئەرێنیی زمانی"، پشتگیرییەکی بنەڕەتی و بڕەودانێک لە لایەن حکوومەتە ناوەندییەکانی هەرێمەکە (ئێران، عێراق، تورکیە و سووریە) و دامەزراوە فەرمی و نیوەفەرمییەکان لە دەوڵەتە یەکگرتووەکاندا (وەک سەفارەت و ناوەندە فەرهەنگییەکان)ی نییە. ئەم پێکهاتەی دەسەڵات و سەرکوتە لە ناوەوە پەلی بۆ دەرەوە هاویشتووە و کۆمەڵە هەلومەرجێکی لێکگرێدانی دروست کردووە کە زمانی بێدەوڵەتی کوردیی تێیدا دەژی. لە هەردوو بەستێنەکەدا، زمانی کوردی تەنیا لەگەڵیدا هەڵکراوە، لە دەوڵەتە یەکگرتووەکاندا لە ئاستی فیدراڵ و دامەزراوەکانی خوێندنی باڵا، بەش و بەرنامەکانی وەک زمان و فەرهەنگی ڕۆژهەڵاتی ناوین و ڕۆژهەڵاتی نزیک و خوێندنەوە ئێرانی، تورکی و عەرەبییەکاندا برەوی پێ نەدراوە. لەژێر ئاڵای خوێندنەوە پۆست کۆلۆنیاڵەکاندا، ئەم دامەزراوە و بەشانە زۆربەی کات ئەزموونی زمانی بێدەوڵەتی کوردی کە پەراوێزخراو و لەناوخۆدا کۆلۆنیکراوەیان لە ماتریکسێکی دوانەدا و لە بەرژەوەندیی دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی ناویندا سڕیوەتەوە: ئیمپریالیزمی ڕۆژئاوا لەبەرانبەر دنیایەکی ئیسلامیی کۆلۆنیکراو. تەنانەت لەناو دامەزراوە و ڕێکخراوەکانی وەک ACTFL و NCOLCTL دا، کە لە بنەڕەتەوە بۆ ئەوە دامەزران کە نوێنەرایەتیی زمانە کەمتر فێرکراوەکان لە دەوڵەتە یەکگرتووەکاندا بکەن، زمانی بێدەوڵەتی کوردی خۆی لەو دەرفەتانەی بۆ ئەندامانی پێدراوی تاقمەکە دیاری کراون کە بریتین لە عەرەبی، تورکی و فارسی بێبەش دەبینێت. چوارچێوەی هەنووکەییی ئەم دامەزراوانە، زۆربەی کات ناونیشانی تاک تەوەرانەی زمانە پەراوێزخراوەکان بەمجۆرە ئاماژە پێ دەکات: زمانە کەمتر فێرکراوەکان و زمانە زۆرتر فێرکراوەکان. بەڵام، وەها چوارچێوەیەک بۆ باسکردن لە یەکتربڕینی پەراوێزخران، سەرکوت، بێدەوڵەتبوون، هەلاواردن و زمانکوژیی

نەرم و زبر لە زمانی کوردیدا بەس نییە. ئەم دۆخە پێویستی بە "دارشتنەوە و پێداچوونەوە"ی گشتیی چوارچێوەی سیاسەتە هەنووکەییەکان لەپەیوەندی لەگەڵ زمانی کوردی، لەناو حکوومەتی فیدراڵ، دامەزراوەکانی پەروەردەی باڵا، بەشی خوێندنەوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوین، ACTFL و NCOLCTLدا هەیە. هۆکارگەلی وەک تێوەگلانی ڕاستەوخۆی دەوڵەتە یەکگرتووەکان لە شەڕی کەنداو(١٩٩٠-١٩٩٠)، شەڕی عێراق(٢٠٠٣) و دەستێوەردانی سەربازیی نێونەتەوەیی لە دژی داعەشدا(٢٠١٤ تا ئێستا)، پێگەی زمانی کوردییان لەوەوە کە تەنیا زمانێکی بێدەوڵەت بێت گۆڕیوە بۆ زمانێکی بێدەوڵەتی لەمەترسیکەوتوو. سەرەڕای ئەم "لەمەترسیکەوتن"ەی، بێدەوڵەتبوونی زمانی کوردییە کە بێبەشی کردووە لەوەی بە باشی و تەواوەتی ببینرێت و خۆی بناسێنێت.

لە نەبوونی پشتگیریدا، زمانی کوردی لە دەوڵەتە یەکگرتووەکاندا بۆ مانەوەی خۆی، زۆرجار بەستراوە بووە بە دەستپێشخەرییە تاکەکەسی و بەکۆمەڵەکانەوە. هەلومەرجەکەی لە یەکتربڕینێکی چەشنە-نەبینراندایە، کە بەهۆی ئەوەی زمانەکە مافی زمانیی ئەرێنی، سەرچاوەی پێویست، پشتگیری و یارمەتیی حکوومەتی فیدراڵ، دامەزراوەکانی پەروەردەی باڵا، بەشی خوێندنەوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوین و هەروەها دامەزراوەگەلی وەک ACTFL و NCOLCTL ی دەست نەخستووە، هێشتا بەرەورووی مەترسیی جۆراوجۆر دەبێتەوە. ناونیشانی "قەیراناوی بوون" زۆرجار دەبێت بەهۆی کرانەوەی خولی نوێ بۆ زمانی کوردی. دیسانیش "نەبوونی دابینکاری ماڵی و بڕەوپێدان" و "کەمبوونی ناونووسینەوە"، دەبن بە هۆی داخرانی ئەم بەرنامە بێدەوڵەتانە. پێگەی زمانی کوردی لە بەستێنی ئورووپادا، بەتایبەتی لە سوێددا، پێشانی دەدا کە زمانەکە دەتوانێت تەنانەت لە دیاسپۆرادا پەرە بسێنێت و پشتیوانیی حکوومەت و دامەزراوەکانی پەروەردەی باڵا وەربگرێت.

*https://ncolctl.org/wp-content/uploads/2021/04/Kurdish-as-a-Stateless-Language-in-the-U.S.pdf

## پەراوێزەکان:

١. نوسخەی یەکەمی ئەم توێژینەوەیە، ساڵی ٢٠١٩ لە بیست و دووەمین کۆنفرانسی ساڵانەی NCOLCTL لە شاری ئاتلانتا پێشکەش کراوە. لێرەوە سپاسی ناوەندی لێکۆڵینەوەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە زانکۆی ئیندیانا لە بلومینگتەن و بەڕێوەبەر و دامەزرێنەی ئەو ناوەندە، باڵوێز فەیسەڵ ئەلئیسترابادی دەکەم. هەروەها سپاسی ناوەندی سەلاحەدین لە شاری ناشڤیل و بەڕێوەبەرەکەی بەڕێز نەوزاد هەورامی دەکەم بۆ سەفەر و نیشتەجێبوون هاوکارییان کردم. بەڕێزان جەعفەر شێخولئیسلامی، بیرگول یەلماز، مایکڵ چایەت، تەیلەر فیشێر، دیانا هەچێت، ئاتم کاکرێل عەبدوڵڵا، بێنیامین پریست، جێنێڵ مۆسێر، ستیڤێن تێرنێر وتارەکەیان بەشێوەی ڕەخنەگرانە خوێندەوە و پشتیان گرتم. لێرەوە سپاسی هەڵسێنگەرە نادیارەکان دەکەم کە زۆر بەوردی وتارەکەیان خوێندبوویەوە وتێبینی و پێشنیاری هەرە ژیرانەیان بۆ نووسیبووم.

2. This article draws substantially on Cooper (2015) regarding intersectionality.

3. For the sociological understanding of statelessness alongside the legal understanding of the issue, see: Sköld 2019; Eliassi 2016; Weissbrodt and Collins 2006.

4. For further information on hard and soft linguicide, see: Salih 2019.

5. https://thekurdishproject.org/history-kurdish-language-rojava/ Accessed February 23, 2020.

6. http://fa.kurdistanukurd.com/?p=19954&fbclid=IwAR1e0bhkMpQrLyd1b- JA5dv-f1ok1vttDH_D34SGTrcQpgQVRN7dXSivDrIY Accessed February 12, 2020.

in Iran' a threat to U.S. national security?"
https://www.aljazeera.com/indepth/opinion/love-desire-iran-threat-national-security-191011090501980.html Accessed February 23, 2020.

### سەرچاوەکان:


Abdulla, J. & McCarus, E. (1967). Kurdish Basic Course. Ann
Arbor: The University of Michigan Press.
Abdulla, J. & McCarus, E. (1967). Kurdish Readers. I.
Newspaper Kurdish. Ann Arbor: The University of
Michigan Press.
Abdulla, J. & McCarus, E. (1967). Kurdish Readers. II.
Kurdish Essays. Ann Arbor: The University of Michigan Press.
Abdulla, J. & McCarus, E. (1967). Kurdish Readers. III.
Kurdish Short Stories. Ann Arbor: The University of
Michigan Press
Arpacik, D. (2019). Redefining Kurdishness in the U.S.
Diaspora: The experiences of Kurdish Students and Their Parents in Nashville Schools. Journal of
Ethnic and Cultural Studies. 6 (2), 44-56.
Arslan, S. (2015). Language Policy in Turkey and Its Effect on
the Kurdish Language. Master's Theses. Michigan:
Western Michigan University.JNCOLCTLVOL 3092Khezri
Bagster, S. (1848). The Bible of Every Land. A History of the
Sacred Scriptures in Every Language and Dialect, Into
Which Translations Have Been Made: Illus-


7. https://www.pbs.org/frontlineworld/stories/iraq501/events_anfal.html Accessed February 5, 2020.
8. https://www.pbs.org/newshour/show/terrorized-by-isis-yazidi-refugees-find-welcoming-community-in-nebraska Accessed February 3, 2020.
9. https://carla.umn.edu/index.html Accessed February 23, 2020.
10. See for example Kurdish Studies Network's bibliography: https://kurdishstudiesnetwork.net/bibliography/ Accessed February 23, 2020.
11. https://ekurd.net/turkey-protests-kurdish-language-2019-04-30 Accessed February 23, 2020.
https://www.kurdistan24.net/en/news/8e263f73-f1bf-4e0e-8659-dc2227919f04 Accessed February 23, 2020.
12. https://www.census.gov/library/publications/2013/acs/acsbr10-20.html Accessed March 2, 2020.
13. See: http://carla.umn.edu/lctl/db/index.php.
14. https://utilities.registrar.indiana.edu/course-browser/prl/soc4202/CEUS/index.shtml Accessed February 23, 2020.
15. https://www.huffingtonpost.com/rashid-karadaghi/for-history-how-arab-turk_b_7829918.html) Accessed February 23, 2020.
16. https://www.ed.gov/content/notice-letter-regarding-duke-unc-consortium-middle-east-studies Accessed December 11, 2019.
17. https://www.lrb.co.uk/v13/n05/edward-said/edward-said-an-american-and-an-arab-writes-on-the-eve-of-the-iraqi-soviet-peace-talks?fbclid=IwAR3aqUPZl6REXoxuJiSsMnHNZFZNA7Hj5Hbj2Xr- P3awelCidqgUMJfPLL4 Accessed February 23, 2020.
18. See for example: "Is 'love and desire

b-9780199328581-e-20#oxfordhb-9780199328581-e-20-bibItem-14
Crenshaw, K. W. (1989). Demarginalizing the Intersection
of Race and Sex: A Black Feminist Critique of Antidiscrimination Doctrine, Feminist Theory, and
Antiracist Politics. University of Chicago Legal Forum,
139–167.
Ekici, D. (2009). Beginning Kurmanji Kurdish DVD-Rom.
University of Arizona's Critical Language Series.
Ekici, D. (2018). Developing Curricular Materials for
Kurdish Language Instruction. University of California, Berkeley. Berkeley LanguageCenter. JNCOLCTLVOL 3094Khezri
http://blc.berkeley.edu/2018/09/11/developing-curricular-materials-for-kurdish-language-instruction/
Eliassi, B. (2016): "Statelessness in a world of nation-states:
the cases of Kurdish diasporas in Sweden and the UK". Journal of Ethnic and Migration Studies, DOI:
10.1080/1369183X.2016.1162091
Fossum, L.O. (1919). A Practical Kurdish Grammar. Minneapolis: Augsburg Publishing House.
Gunter, M. (Ed.). (2018). Routledge Handbook on the Kurds.
London & New York: Routledge
Haig, G., & Öpengin, E (Eds). (2014). Kurdish Linguistics:
Focus on Variation and Change. Kurdish Studies,
Volume 2, Issue 2.
Hassanpour, A. & Mojab, Sh. (2005). Kurdish Diaspora. In
Melvin Ember, Carol R. Ember & Ian Skoggard
trated by
Specimen Portions in Native Characters; Series of
Alphabets; Coloured Ethnographical Maps, Tables,
Indexes. London: Samuel Bagster and Sons.
Beale, F. (1995). Double Jeopardy: To Be Black and
Female. In Beverly Guy-Sheftall (Ed.), Words of Fire: An Anthology of African American Feminist
Thought, (pp. 146–15). New York: New Press.
Bostwick, W.B., Meyer, I., Aranda, F., Russel, S., Hughes,
T., Birkett, M., & Mustanski, B. (2014). Mental health and suicidality among racially/ethnically
diverse sexual minority groups. American Journal of
Public Health, 104(6), 1129-36.
Chyet, M.L. (2002). Kurdish-English Dictionary: Ferhenga
Kurmanci-Inglizi. New Haven: Yale University Press.
Chyet, M.L. (2018). Calibrating Kurmanji and Sorani:
Proposal for a Methodology. In Michael M. GunterJNCOLCTLVOL 30Kurdish as a Stateless Language93
(Ed.), Routledge Handbook on the Kurds, (pp. 104-
109).
Cooper, B. (2015). Intersectionality. In Lisa Disch and
Mary Hawkesworth (Eds.), The Oxford Handbook of
Feminist Theory, Online version:
https://www.oxfordhandbooks.com/view/10.10
93/oxfordhb/9780199328581.001.0001/oxfordh

OpenDemocracy. 6, August.
Khezri, H. (2022). Sorani Kurdish: An Elementary Textbook.
CELCAR, Indiana University Bloomington.
King, D. (1986). Multiple Jeopardy, Multiple Consciousness: The Context of Black Feminist Ideology. Signs: Journal of Women in Culture and
Society, 14, 42–72.
Kreyenbroek, P. G. (2005). Kurdish Written Literature. In
Encyclopedia Iranica, online.
http://www.iranicaonline.org/articles/kurdish-written-literature (accessed November 18 2017).
McCarus, E. (1958). A Kurdish Grammar: Descriptive Analysis
of the Kurdish of Sulaimaniya, Iraq. New York: American Council of Learned Societies.JNCOLCTLVOL30Kurdish as a Stateless Language97
McCarus, E. (1967). A Kurdish-English Dictionary. Ann
Arbor: The University of Michigan Press.
Pedigo, W. (2009). Four Waves of Resettlement.
Nashville Public Television.
http://ndn.wnpt.org/documentaries/little-kurdistan-usa/little-kurdistan-four-waves/
Pitkänen, P., Kalekin-Fishman, D., & Verma, G. K. (Eds.).
(2002). Education and Immigration: Settlement Policies
and Current Challenges. London & New York: Routledge.
Rhea, S. (1872 – 1880). Brief Grammar and Vocabulary of
the Kurdish Language of the Hakari District. Journal of the American Oriental Society, (10), 118-155.
Salih, K. (2019). Kurdish Linguicide in the "Saddamist"
(Eds.), Encyclopedia of Diasporas, Part I, 214–224.JNCOLCTLVOL 30Kurdish as a Stateless Language95
Hassanpour, A. (1992). Nationalism and Language in
Kurdistan, 1918-1985. San Francisco: Mellen Research University Press.
Hassanpour, A., Skutnab- Kangas, T., & Cyhet, M. (1996).
The non-education of Kurds: A Kurdish perspective. International Review of Education, 42 (4),
367-379.
Johnson, J.K. (Ed.). (1989). The Second Language Curriculum.
Cambridge, UK: Cambridge University Press.
Kahn, M. (1976). Borrowing and Variation in a Phonological
Description of Kurdish. Ann Arbor: The University of
Michigan.
Kalan, A. (2016). Who is afraid of multilingual education?
Conversation with Tove Skutnab-Kangas, Jim Cummins,
Ajit Mohanty and Stephen Bahry about the Iranian context
and beyond. Clevedon, UK: Multilingual Matters.
Karimi, H., (2010). The Kurdish Immigrant Experience
and a Growing American Community. Kurdish Herald, 2 (1).JNCOLCTLVOL 3096Khezri
http://www.kurdishherald.com/issue/v002/001/
article04.php
Khaznadar, M. (2001). Mejouy Adabi Kurdi. (Vol. 1). Hewler:
Aras.
Khezri, H. (2020). "Iran: How to Kill a Language".

"Iranian Identity". Ethnicities. 19 (5), 925–947.
Talmadge, E. (1997). Kurds' First Stop to U.S.: Guam.
Seattle Times.
http://community.seattletimes.nwsource.com/arc
hive/?date=19970407&slug=2532708 (accessed
June 17 2014).
Terrell, M.C. (2005). A Colored Woman in a White World.
Amherst, MA: Prometheus Books.
Thackston, W. (undated). Kurmanji Kurdish: A Reference
Grammar with Selected Reading.
Thackston, W. (undated). Sorani Kurdish: A Reference
Grammar with Selected Reading.
Van Bruinessen, M. (1992). Agha, Shaikh and State: The
Social and Political Structures of Kurdistan. London:
Zed books.JNCOLCTLVOL 30100Khezri
Weissbrodt, D., & Collins, C. (2006). "The Human Rights
of Stateless Persons". Human Rights Quarterly, 28(1), 245-276.
Wright, S. (2004). Language Policy and Language Planning:
From Nationalism to Globalisation. New York, NY:
Palgrave Macmillan.
Zeydanlioğlu, W. (2012). Turkey's Kurdish language
policy. International Journal of the Sociology of Language.
(217) 99–125.
State. Genocide Studies International. 13 (1), 34-51.
Sheyholislami, J. (2012). Kurdish in Iran: A Case of
Restricted and Controlled Tolerance. International
Journal of the Sociology of Language. (217), 19–47.JNCOLCTLVOL 3098Khezri
Sheyholislami, J. (2019). Language as a Problem: Language
Policy and Language Rights in Kurdistan-Iran. In
Salih Akin (Ed.), Etudes Kurdes. (pp. 95-130).
Sheyholislami, J., & Sharifi, A. (2016). It is the Hardest to
Keep: Kurdish as a Heritage Language in the United States. International Journal of the Sociology of
Language, (237), 75-98.
Sköld, N. (2019). 'Mapping a Sociology of Statelessness'.
Tilburg Law Review. 24(2) 217–223. DOI: https://doi.org/10.5334/tilr.155
Skutnabb-Kangas, T. (1984). Bilingualism or Not: the
Education of Minorities. Clevedon (UK): Multilingual
Matters.
Smith, V. (1998). Not Just Race, Not Just Gender: Black
Feminist Readings. New York: Routledge.
Soleimani, K. & Mohammadpour, A. (2019). "Interrogating the tribal: the aporia of 'tribalism' in
the sociological study of the Middle East". British
Journal of Sociology 70(5) 1799-1824.JNCOLCTLVOL 30Kurdish as a Stateless Language99
Soleimani, K. & Mohammadpour, A. (2019). Can Non-
Persian Speak? The Sovereign's Narration of